

ڕێنمایەکانی
قورئان

## نوسینی:جیهاد لەزگین

# پێشەکی

**الحمدلله دوای دیراسەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت کە زۆربەی ئایەتەکان ڕێنمای جوانیان تێدایە و بەپێویستم زانی باسیان بکەم و ئەوەندەی بەخزمەتیان گەیشتوم باسم کردون و بەدڵنیایەوە قورئانی پیرۆز پریەتی لە ڕێنمای بۆ ئێمەی مڕۆڤ و پەند و ئامۆژگاری زۆری تێدایە کە پێویستە ئێمەی مڕۆڤ بەپێی توانا کاریان پێبکەین چونکە ئەم قورئانە پیرۆزە بۆ ئێمەی مڕۆڤ دابەزیوە و محمد(ﷺ)وەکو مامۆستای مڕۆڤایەتیمانە لەهەمو رویەکەوە خودا فەزڵی بەسەردا ڕشتوین بەلام ئێمەی مڕۆڤ درکی پێناکەین**

**بەراستی مرۆڤ گەر بیر لەنازو نیعمەتەکانی خودا بکاتەوە ئەوا ئەزانێت کە تەمەنی بەشی شوکرانەی خوا ناکات چ جای ناشکوربێت**

# ڕێنمایەکانی قورئان

# ڕێنمایەکانی سورەتی البقرە

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (11-13):

**1- لووتبەرزیی و خۆهەڵکێشانی نابەجێ و ناهەق، لەسیفەتی دووڕووانە، بێگومانیش کارێکی نامرۆڤانەو ناجوامێرانەشە.**

**٢- ئیسڵاح و چاکسازی لەوڵاتدا هەر بە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری ئەو دەبن.**

**٣- فەسادو وێرانکاریش بە نافەرمانی و یاخیبوون لەخواو، لەپێغەمبەری خوا دەبێ.**

**٤- خراپەکاران هەمیشە خراپەو فەسادەکەیان بەئیسڵاح و چاکسازی دادەنێن!.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (14-16):

1- دژواریی کاروکردەی دووڕووەکان.

٢- وشیاریی لە نزیکبوونەوە لەوانەی کەلەگەڵ کەسێکدا ڕوویەکیان هەیەو، لەگەڵ کەسێکی تردا ڕوویەکی تر، وەك لە فەرموودەیەکی (متفق علیه)شدا هاتووەو دەفەرموێ:

(شِرَارُكُمْ ذُو الوَجْهَيْنِ ) واتە: زۆر خراپەکانتان دووڕووەکانتانن .یان دەفەرموێ: ( و تَجِدُونَ شَرَّ الناس ذا الوَجْهَيْنِ، الذی یأتی هؤلاءِ بوَجْهٍ، وهؤلاءِ بوجهٍ ). واتە: دووڕووەکانت بە خراپترین کەسی کۆمەڵگەت دەست دەکەون.

٣- هەندێ مرۆڤی وەك شەیتان هەن کە هەمیشە کاروپیشەیان بانگکردنی خەڵکییە بۆ ڕێبازی چەوتی کوفرو نافەرمانی خوا.

٤- تۆڵەو سزا بۆدوژمنانی دین، لای خوا بڕاوەتەوەو مسۆگەرە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (21-22):

1- پەرستنی ئەو خوایە -کە خوڵقێنەری ئەم ژیانەیە-، واجبو پێویستە.

٢- ناسینی خوا بە(ئەسماو سیفات)ەکانیەوە واجبە.

٣- شیرك و هاوبەشدانان -بە هەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەوحەرامە.

٤- چەسپاندنی پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ)

5- ئادەمزاد سەبارەت بەقورئان سێ دەستەو تاقمن: پارێزگاران و شوێنکەوتووی هەق. کەڵە ڕەق و حاشاکەر لە هەق و ڕاستیی. دوودڵ و بەگومان و بێ بار.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی(23-24)

1- هاتنی قورئان، بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرێتی موحەممەد (ﷺ).

٢- دەسەوسان وەستان و، ناتەوانایی ئادەمیی بەرامبەر بەهێنانی تەنها سوورەتێ لەقورئان.

٣- تەنها بەباوەڕو کاری چاك ئادەمزاد لە ئاگر دوور دەکەوێتەوە.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (31-33):

١- زانست و زانیاری بێ سنووری خوا بۆ فێرکردنی هەموو شتێ بە ئادەم.

٢- شەرەف و فەزیڵەتی زانست و زانایان لەبەرامبەر نەزانانەوە، وەکو لەم فەرموودەدا هاتووەکە ڕێزو پلەو پایەی زاناو فێرخواز ڕوون دەکاتەوە، بەشێوەیەك فریشتەکانیش باڵی ڕێزو حورمەت دادەنێن بۆکەسی زانا، بۆیە دەفەرموێ: (وإن الملائكة لَتَضَعُ أَجْنِحَتَها رِضاً لِطالِبِ العِلْمِ ) (ئەبی داود) ڕیوایەتی کردووە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (34):

١- دەبێ لەبەرامبەر گشت نیعمەتەکانی خواوە شوکرانە بژێربین.

٢- دەبێ لەخۆبەزلزانین و حەسوودیی وئێرەیی خۆ دووربگرین، چونکە هەر ئەو دوو نەخۆشییە بوونە هۆی ئەوەی کە شەیتان سوژدە نەبا

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (35-37):

١- ڕێزی بابە(ئادەم) و، ڕێزی نەوەکانی بەلای خواوە زۆرە.

٢- گوناح ونافەرمانی خوا دەبێتە هۆی لە دەستدانی نازوو نیعمەت.

٣- دەبێ تا دنیا مابێ دوژمنایەتی شەیتان لەبیر نەکرێ.

٤- تەوبەو پەشیمانی لە گشت گوناحێك و، هەرگیز نەگەڕانەوە بۆیان.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (63-65):

١) دەبێ وەفا بەپەیمان و ڕێکەوتننامەکان بکرێ.

٢) دەبێ بڕیارەکانی خوا بە وزەو بەتوند بگیردرێن.

٣) تەقوا تەنها بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی خوا چنگ دەکەوێ.

**٤) حیلەو فرت وفێڵ بۆ حەڵاڵکردنی حەرامکراوەکانی خوا، حەرامە.**

**٥) پاشە ڕۆژو ئەنجامی فێڵ بازان.**

## **ڕێنماییەکانی ئایەتی (67-71):**

**١) پەستی و بەد ڕەوشتی جوولەکەو، چەقەچەق وململانێ و زۆر وتنیان.**

**٢) ڕەخنە گرتن لە بڕیارەکانی خوا کاری موسڵمان نییە، دەبێ خۆت بدەی بەدەستی بڕیاریی خواوە، ئەگەرچی لە حیکمەتیشیان تێنەگەیت.**

**٣) ئینکاریی و خۆ دوورگرتن لە توندڕەوی لە ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوادا، سەرەنجامی وەکو لە فەرموودەی (متفق علیة)یدا هاتووەو دەفەرموێ: (یَسَّرُوا ولاتُعَسَّرُوا وبَشَرُوا ولا تُنَفِرُوا ) وە بەهاوەڵانیشی فەرموو: ( إنما بُعِثْتُمْ مُیَسِرِینَ ولم تُبْعَثُوا مُعَسَّرِینَ ) ترمزیی.**

## **ڕێنمایەکانی ئایەتی (79-81):**

**١) خۆپاراستن لەو (فەتوا) ناهەقانەی کە لەبەردەستکەوتێکی دونیایی، حەرام حەلاڵ دەکەن، یان بە پێچەوانەوە.**

**٢) نەسەب و رشتە هیچ کەڵکێ بە مرۆڤی لاسارو سەرلێشێواو ناگەیەنێ.**

**٣) هەمیشە دەبێ لەگوناحی گەورەو بچوك دوور بین، خۆئەگەر تووشیش بووین، پێویستە زوو بەپەلە تەوبە بکەین و کردەوەی چاکی بە دوادا بێنین.**

## رێنمایەکانی ئایەتی (102):

**١) دژایەتی قورئان وسوننەت، لەبەرئەوە کەکاری خراپ و فەسادو ستەمکارییان حەرامکردووە، سەرە ڕای کافر بوون، دەرگای هەموو باتڵ و دزێوییەکیش لە مرۆڤ دەکاتەوەو، قورئانیان لا بچوك دەبێتەوە، پەنا بەیاسا دەستکردەکان ئەبەن و، بازاڕی بیدعە چییەکان گەرم دەکەن و، بەخۆشیان نازانن چ دەکەن؟!.**

**٢) گشت قازانج وزیانێك هەر بەدەستی خوایە.**

**٣) فێربوونی سیحرو بەکار هێنانی هەردوو کارێکی حەرامن**

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (114-115):

١) دەرکردنی خەڵکی لە مزگەوتەکان، تاوانێکی زۆر گەورەیە.

٢) دەبێ مزگەوتەکان لەکافران بپارێزرێن و، قبووڵیش نەکرێ بچنە نێویەوە، مەگەر موسڵمانان خۆیان ڕێگا بدەن ورازی بن.

٣) نوێژی سوننەت بەسەر وڵاخەوە -رووت لە رووگەوە بێ، یا نە- رەوایە.

٤) نوێژ خوێنی فەرز، هەتا دەکرێ دەبێ رووی لە رووگەوەبێ، مەگەر کاتێ کەنەخۆش بێ و نەتوانێ رووی تێ بکا، وەیان کاتێ ترسی هەبێ، وەیا جەنگاوەر بێ و دوژمن لە رووی قیبلەوە بێ، یا لە دەس دوژمن هەڵهاتبێ، یا نەزانێ قیبلە لە کوێوەیە تا رووی تێبکا.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (124):

١- بە پێشەوا بوون و وەرگرتنی (ئیمامەت) بە هۆی باوەری ساف ویەقین و خۆڕاگری لەسەر ئەهلی هیدایەت نەبێ، وەدەس نایە، ئایەتی: (وجعلنا منهم أئمة يهدون بأمرنا لما صبروا وكانوا بآياتنا يوقنون )(السجده 24) گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئەو هەقیقەتە.

٢- (ولاية العهد) واتە: دیاریکردنی جێنیشین و خەلیفە لەلایەن پێشەواوە بۆ خۆی، هەرلە ژیانی خۆیدا لەدینی ئیسلامدا رێگە دراوەو ڕەوایە، بەمەرجێك ئەو (وەلی عەهد)ـە خاوەن باوەڕو

**زانیارو کۆشەرو دادگەرو خۆڕاگربێ و، وەکو(عومەری کوڕی عبد العزیز- ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ : ئەنجوومەنی ئەو سەردەمە ڕەزامەندی لەسەر بدەن و پەسەندیان بێت .**

**٣- هەستان بەداوا شەرعیەکان، شیاویی بەمرۆڤ دەدات بۆپێشەوایەتیی. سەبارت بەخەلافەت هەر لە چەرخی هاوەڵانەوە سێ بۆچوون هەبووە:**

**یەکەم: لە ئال و بەیت بێت.**

**دووەم: لەقورەیش.**

**سێیەم: لە ناو توێژەکانی جەماوەردا کێ شیاوە؟ لە راو بۆچوونەکانی(عومەر)یشەوە رای سێیەم لە پەسەند دەچێت، بەڵام بۆ ئەوە رێز لەهەرسێ بۆ چوونەکە بگیردرێ**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (130-132):

**١- نەزان و گێلە پیاو نەبێ، کێ ڕوو لەئیسلام وەردەگێڕێ ؟.**

**٢- ئایینی ئیسلام، ئاینی هەموو پێغەمبەرانە، ئەگەرچی شێوەو شێوازی کاریشیان جیا بووبێ، دیارە بێجگە لەویش، هەموو دین و بیروو بیرۆکەیەك، داهێنراوو باتڵە.**

**٣- سوننەتە هەموو کەسێك 'بەتایبەتی نەخۆش' پەیمان لەمنداڵ و کەس وکاری خۆی وەرگرێ کە تامردن دەس لەئیسلام بەر نەدەن و، لادین نەبن.**

## رێنماییەکانی ئایەتی 233:

**١) لەسەر گشت دایکێك- ئەگەرچی تەڵاق دراویش بێ- پێویستە منداڵەکەی گۆش بکا، ئەوجا ئەگەر ویستی تەسلیمی خاوەنەکەی بکاتەوە.**

**٢) لای سەرووی ماوەی شیرپێدان ، دووساڵی رەبەقە، بەبەڵگەی فەرموودەی: (لا رضاع بعد فصال، ولا يتم بعد احتلام ) ئەبووداود. وە بەپێی فەرموودەی(لا يحرم من الرضاع إلا ماكان من الحولين) بوخاریی.**

**٣) وەرگرتنی کرێ ومزە بۆشیرپێدان، حەڵاڵ و رەوایە.**

**٤) خزمانی نزیك -لە حاڵی هەژارییدا- نەفەقەیان لەسەر یەکترە.**

**٥- باوك ، یامیراتگریی باوك، دەتوانن دایەن بۆ منداڵەکە بگرن. ئەگەر بەرژەوەندی کۆرپەلەو ساواکەی تێدابوو**

## رێنمایی ئەم ئایەتەی (234):

**١- ژنی مێرد مردوو، دەبێ چوار مانگ و دەرۆژی هیجری قەمەریی چاوەڕوان بێ وعیددەی خۆی رابگرێ .**

**٢- ئەگەر ژنێك مێردەکەی نادیارو(مفقود) بوو، ئاخۆ بۆ راگرتنی ماوەی عیددەکەی هەر لەو رۆژەوە کە مردووە عیدەی خۆی دەژمێرێ، یا لەو رۆژەوە کە هەواڵی مردنەکەی گەیشتووە؟**

قسەی راست' بۆ ئەم مەسەلەیە 'ئەوەیە کە هەر لە رۆژی مردنەکەیەوە عیددەی رادەگرێ و بۆی حسێب دەکرێ.

٣- ژنانی تەڵاق دراویش؛ وەك ژنانی مێرد مردوو، دەبێ خۆ ئارایش نەدەن و خۆ نەڕازێننەوەو، لەماڵیش نەچنە دەرێ تا عیددەکەیان تەواوئەکەن.

## رینمایی ئایەتی (235):

١- خواستنی ژنان لەماوەی حەیەوعیددەدا حەرامە.

٢- ئەگەر پێش تەواوبونی عیددەیاندا مارەکران، ئەو مارەکردنە بەتاڵەو, دەبێ لێك جیابکرێنەوە، پاشان بۆی مارەبکرێتەوە.

٣- لەهەموو ئیش و کارێکدا، دەبێ (الله)مان لەپێش چاوبێ.

## رێنمایی ئایەتی (236):

١- ژنانی تەڵاقدراو پێش نزیکی لەگەڵ کردنیان و، پێشدانانی مارەیی بۆیان (موتعە)یان بۆ واجیبەو دیاریکردنی ریژەکەشی بەپێی بوون و؛ نەبوونی تەڵاقدەرەکەیە.

٢- ئەگەر ئافرەتێکی ئاوای بێمارە، مێردەکەی بمرێ، ئایا (مهرالمثل)ی بۆدادەنرێ، یان تەنیا میرات دەباو عیددە رادەگرێ ؟ لەوەڵاما دەڵێین: ئەگەر بەپێی (قیاس) بێت مارەیی بۆ دانانرێ،

بەڵام ئیمامی (تیرمیزی) فەرموودەیەکی هێناوە سەبارەت بە دانانی مارەیی بۆئەو جۆرە ژنانە کە: (مهر المثل) یان بۆدادەنرێت.

## ڕێنمایی ئایەتی (237):

١- ژنێکی مارەیی دیاریی بۆ کراوو تەڵاق دراوی پێش لەگەڵ نوستوو ، نیوەی مارەییەکەی دەکەوێ، مەگەر ژنەکە خۆی لێیدابەزێ و نەیەوێ ، هەروەك پیاوەکەش بە ڕەزامەندی خۆی دەتوانێ دەس لە نیوەکەی خۆی هەڵبگرێ و بیبەخشێ بەژنەکە.

٢- هێشتنەوەی ئاکاری چاك وپیاوەتی لە نێوان هەردوو خێزانەکەدا (کەس وکاری ژنە تەڵاق دراوەکەو، پیاوە تەڵاق دەرەکە) کارێکی پێویستە. بە کورتیی و پوختە: بۆ ژنانی تەڵاقدراو چوار حاڵەت هەیە:

یەکەم: لەگەڵ نەنووستوو مارەیی دیاریی بۆ نەکراو ، ئەم جۆرەیان (موتعە) یان دەکەوێ و، عیدەیان لەسەر نیە،

دووەم: ژنێك بەرلە دەست تێکەڵکردن لەگەڵیاو، دوای دیاریکردنی مارەیی بۆی ، تەڵاق بدرێ، نیوەی مارەییەکەی دەبا (مەگەر مێردەکەی ئەو نیوەکەشی بۆ زیادبکا) عیددەشی لەسەر نیە،

سێیەم: تەڵاق دراویی لەگەڵ نوستووو، مارە بۆ دیارییکراو، هەموو مارەییەکەی دەباو، عیدەشی دەکەوێتە سەر.

**چوارەم: تەڵاقدراویی لەگەڵ جووت بووی بێ مارەیی، دیارە ئەمەش (مهر المثل) ی دەکەوێ و، دەبێ عیدەش رابگیرێ**

## رێنمایی ئایەتی: (238-239):

**1-ئەبێ هەموو نوێژەکان- بەتایبەتی نویژی عەسران و بەیانیان- لەکاتی خۆیانداو بەهەموو مەرجەکانیشیانەوە ئەنجام بدرێن.**

**٢- قسەی راست لە دیاریکردنی ئەو نوێژە ناوەنجییەدا -بە بەڵگەی ئەو فەرموودە سەحیحەی: (شغلونا عن الصلاة الوسطى صلاة العصر )- ئەوەیە کە ئەو نوێژە ناوەراستە، نوێژی عەسرە.**

**٣- زەلیلی و ملکەچکردن'بەتایبەتی لە کاتی نوێژەکاندا' بۆخوای خاوەن دەسەڵات واجیبە.**

**٤- نوێژی ترس(صلاة الخوف) ئیتر لە بەر هەر شتێ ببێ، نوێژ خوێن دەتوانێ بە پیادەیی ، یان بە سواری ئەنجامی بدات**

## رێنمایی ئایەتی(240-241):

**1-دەبێ پیاوان لەسەرەمەرگدا وەسیەت بکەن کە ژنەکانیان 'پاش خۆیان' تا ساڵێ لەو ماڵەدا 'تێیدا ژیاون' دەرنەکرێن وخەرجیش بدرێن، ئەگەر خۆیان پێیان خۆش بوو. ئیمامی تەبەریی ئەڵێ: ئەم ئایەتە بۆ ژنانی مێردمردوو ڕەحمەتە وحوکمەکەشی**

هەربەردەوامە، (شيخ الإسلام/ ئیبن تەیمیە) و(ئیبن قە ییم)یش هەروا دەڵێن.

٢- (موتعە)یش دەبێ شتێکی وەهابێ شیاوی ژنی تەڵاقدراو بێت، دیارە کە هەرکەسەیش بەپێی تواناو دەسەڵاتی خۆیەتی

## ڕێنمایی ئایەتی (253-254):

1) پایەو پلەی هەندێ لە پەیامبەران-سڵاویان لە سەر بێت-لە هەندێکیان بەپێی جیهادو تێکۆشان و خۆڕاگرتن- گەورەترە.

2) (کەلام) سیفەتێکی بەرزی ئەزەلیی خوایە، هەروەکو خوای گەورە خۆی لە کێوی توور لەگەڵ مووساو، لە (مەلەکوت)ی بڵندیشا لەگەڵ موحەممەد (ﷺ) وتووێژی کرد.

3) بڕواو ئیمان، بێ بڕوایی و کوفر، هەریەك لەمانە بەستراوە بە ویست و خواستی خواوە ، ویستی هەر کەسێك ئیمان بێنێت، دڵی گوشاد دەکات، نەیشیویست، دڵی قوفڵ دەبێت.

4) ئیختیلاف و دەنگە دەنگ سەرچاوەی هەموو نەگبەتییەکەو، کارێکی زۆر دزێو وناپەسەندە.

5) ئینفاق و بەخشین لە ڕێی خوادا واجیب و پێویستە، هۆشیاری بۆ خۆسازدان بۆ ڕۆژی بەرێ، بە ئیمان و کارو کردەوەی چاك دەبێت.

## ڕێنمایی ئایەتی (258):

١-نیعمەت و بەخششەکانی خوا لەلایەن خەڵکانی خوانەناس وکافرەوە، هەمیشە نکووڵی و ئینکاری دەکرێن.

٢- یارمەتی و هاوکاری خوا تەنها بۆ دۆستانی خۆی دەبێ.

٣- هەرکات مرۆڤ چووە ناو ستەمەوە وکردیە کاری رۆژانەی، لە هیدایەتی خوا بێ بەش دەبێ.

٤- قسەو مشت ومڕ (المجادلة والمناظرة) لەمەڕ رونکردنەوەو چەسپاندنی بوونی خواو، راستیی دینی ئیسلامەوە دروست ورەوایە، پێدەچێ ئەو دەسەڵاتدارە (نەمروود)ی پاشای (بابل)یەکان بووبێ..

## ڕێنمایی ئایەتی (260)

1-مرۆڤ بە سروشت حەزی لە زانینەو هەر لە هەوڵدایە بۆی، لە هەر شتێ تێنەگا بۆی دەکۆشێ تێبگاو بیزانێ.

٢- خۆشەویستی خوا بۆ ئیبراهیم بێ سنوورە، بۆیە وەڵامی دایەوە و نیشانەشی خستە پێش چاوی تا پتر دڵنیابێ.

٣- چەسپاندنی ژیانێکی دووەم-پاش مردن- بۆ پاداش و تۆڵە.

٤- زیاد بوونی ئیمان و باوەڕ بە تێڕوانین وبیرکردنەوە لە نیشانەکانی خوای گەورە.

## ڕێنمایی ئایەتی (264):

١- منەتنان و ئازار گەیاندن بە خەڵك لە سەدەقەو بەخشیندا قەدەغەیە.

٢- منەتنەر ، ئازاردەر، ڕیا چی، سەدەقەکانیان بێهودە وباتڵە.

٣- ریا حەرامەو بەشێکە لە شیرك.

## ڕێنمایی ئایەتی (265-266):

1-مەسەل ونموونە هێنانەوە بۆ نزیك خستنەوەی ماناو مەبەست لە زەینی گوێ گراندا، شتێکی زۆر چاك و سوود بەخشە، بۆیە خوا ئەو یەك دوو نەزیلەیە هێنایەوە.

2-خێرو سەدەقەی بێ منەت و بێ ئازار و بێ ریا، پاداشەکەی چەند بەرامبەر دەبێت، خێرو بێری سەدەقەی پیاوی منەت کارو، ریابازو، ئازاردەریش، باتڵ و بێ خێر دەبێت.

3- لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوە لە نیشانەکانی خوا بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕ کارێکی پێویستە.

## ڕێنمایی ئایەتی (267-269):

1-زەکات هەم لەدراوا، هەم لە مەڕو ماڵاتا، هەم لەبەرو بووی زەوییدا فەرز وپێویستەو دەبێ بدرێ.

2- زەکات و بەخشین لە ماڵی خراپدا کارێکی نابەجێ وناپەسەندە.

٣- وریا بوون لە دەغدەغەو خەتەرەی شەیتان لەکاتی بەخشینی ماڵدا.

٤- مەزنیی پلەو پایەی زانست و زانیاریی بەسەر ماڵ و ساماندا.

## ڕێنمایی ئایەتی (270-271):

١- هەڵنانی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی سەدەقە، هەرچەندە کەمیش بێ.

٢- خۆ دوور گرتن لە ریاو، لە بەخشینی ماڵی بەدو خراپ.

٣- سەدەقە کردن بە ئاشکرا- کاتێ بزانرێ ریای تێناکەوێ.

٤- سەدەقەی سوننەت بە پەنهانی بکرێ باشترە،

## ڕێنمایی ئایەتی (272-274):

١- سەدەقەی سوننەت بە کافرانیش دەشێ، پاداشتی سەدەقەکەیش هەر بۆخاوەن سەدەقەکەیە.

٢- دەبێ هەمیشە ئیخلاس لە سەدەقەدا هەبێ.

٣- بە پێی نیازی خاوەن سەدەقەکە، پاداشی سەدەقەکەش دەگۆڕدرێ.

**٤- فەزیلەتی عیففەت و سواڵ نەکردن و دەستپان نەکردنەوە لەم و لەو، هەرچەندە زۆریش ئاتاج و مۆتاج بێ.**

**٥- ئیلحاح وپێداگرتن لە داواکردن و سواڵدا کارێکی زۆر ناپەسەندو دزێوە.**

**٦- بەشەوو بە رۆژ، بەنهێنی و بە ئاشکرا، خێرو سەدەقە دەکرێ.**

**٧- خوا مزگێنی بەبڕواداره بەخشەرەکان ئەدا کە: پاداش و کرێیان لای خوای خۆیان حەتمیی و مسۆگەردەبێ و، نایشهێڵێ خەفەت بخۆن وخەمباربین بۆ دونیایان.**

## رێنمایی ئایەتی (275-277):

**١- تۆڵەی سوود خۆر لە رۆژی قیامەتدا -ئەگەر تەوبە نەکا- مسۆگەرە.**

**٢- سوود بەبەڵگەی ئایەتەکەو چەندین فەرموودەی سەحیح و دروست، حەرامە.**

**٣- بەیع وکڕین و فرۆشتن -بە مەرجەکانیەوە- حەڵاڵە.**

**٤- هەڕەشەی سەختی خوا بۆ کەمکردنەوەو لە ناوبردنی ماڵی سوود دار، بەڵێنیشی بۆ زیاد کردنی ماڵی سەدەقەو پیت تێخستنی.**

## ڕێنمایی ئایەتی (285):

1-بەیانی ئەرکان و پایەکانی ئیمان بە خواو، فریشتەکانیی و کتێب و پێغەمبەرانی ئەو.

٢- بڕوا بە هەموو پێغەمبەران واجیبە، هەروەکو بڕوا نەبوون بە هەندێکیان حەرامو کوفرە.

٣- ئیتاعە و بەگوێکردنی خواو پیغەمبەرەکەی ، وخۆ بەدەستەوەدان و، رازی بوون بە هەموو بڕیارەکانی خوا پێویستە.

## ڕێنمایی ئایەتی (286):

١- لابردنی ئەرك و باری گران و قورس لەسەر شانی ئەم ئوممەتە.

٢- تاوانێ لە حاڵی لە بیرچوون و هەڵەدا رووبدا، هیچ سزاو تۆڵەیەکی نیە.

٣- خوشبوون لەو هەڵەو پەڵانەی بەدڵدا تێدەپەڕێت.

٤- فێربوون وخوێندنی ئەم دۆعایەی ئاخری سوورەتی (بەقەرە) سوننەتە

# سورة آل عمران

## ڕێنمایی یەکانی ئایەتی (21-22):

1- بێ باوەریی و ستەم 'هەریەکەیان' دەبنە هۆی تیابردنی خەڵکانی دونیاو، تووش بوونی سزای ئەولایان.

2- کوشتنی بانگبەرانی دینی ئیسلام و، پێغەمبەران وەکو یەکن لای خوا

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (59-63):

1- خوا هەمووکاتێ پشتیوانی لەپێغەمبەری خۆی ئەکا.

2- شێوەی دەمکوتکردنی کافرانی نیشاندا.

3- موباهەلە 'کە بریتییە لە نەفرین لەیەکتر کردن' لەدینی خوادا ڕێی پێدراوە، بەڵام دەبێ ساڵحان و دین کامڵان بیکەن.

4- خوای گەورە تاك و تەنیا و بێ شەریکە.

5- هەڕەشەی خوا لەموشریکان و سەرپێچی کەران لەفەرمانی خوا.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (64-68):

**1- هەرگیز ئادەمی لە ئەمن و ئاسایشدا ناژی, تا بنەمای یەکسانی: (..ألا نعبد إلا الله..)وە دەس نەگرێ.**

**2- مێژوی ڕەواو راست دەبێتە بەڵگەنامە، هەروەکو خوای گەورە سەرنجی جوولەکەو گاورەکانی راکێشا بۆ پێشەوەی خۆیان.**

**3- موجادەلەو کێشەی بێ بەڵگەو زانست لەهیچ کەسێك وەرناگیردرێ.**

**4- یەهودییەت و نەسرانییەت، هەردوو بیدعەو داهێنراون ، وە بەهیچ کلۆَجێ دین نیین.**

**5- موسڵمانان ئەگەرچی زمان و خاك و وڵاتیان جیاوازو لەیەك دووربێ، بەڵام لەبنەرەتدا هەموو یەکن و پشتیوانیان خوایە**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (75-77):

**1- جوولەکە متمانەی پێ ناکرێ و عەهدو پەیمان ناباتە سەرو، هەمیشە گزی و خەیانەت پیشەیانە.**

**2- هەرکەرسێ درۆ بکا لەگەڵ خوادا , بێ شك لەگەڵ ئەم و ئەودا, دەتوانێ پتر درۆ بکا.**

**3- جوولەکە پێیان وایە گەلانی تر پیس و ناپاکن و، ماڵ و منداڵیشیان حەڵاڵە بۆیان.**

**4- خەیانەتی پەیمان شکاندن لەبەر خاتری ماڵ و سامان لە هەمووشتێ گەورەترو سامناکترە.**

## رێنمایی ئایەتی (92):

**1) هەموو راستی و چاکەیەك مرۆ رێنوێنی دەکا بۆ بەهەشت ئەم فەرموودەی: (علیکم بالصدق فإن الصدق یهدي الی البر، وإن البر یهدي الی الجنة، ولا یزال الرجل یصدق و یتحري الصدق حتی یکتب عند الله صدیقا ..) هەر ئەو هەقیقەتە دەسەلمێنێ.**

**2) کاتێکیش ئەم ئایەتەی (لن تنالوا البر ..) هات هاوەڵان چەسپانیان کرد بۆ بەخشینی ماڵ و عومەر کەنیزێکی هەبوو زۆریش خۆشی ئەویست، لە رِێی خوادا ئازادی کرد، (زەیدی کوڕی حاریسە)ش باشترین ئەسپی سواری هەبوو، هەرلە رێگای خوادا کردییە سەدەقە، (ئەبو تەلحە)ش باخەکەی (بەیرەحا)ی بەخشی، بێ لەمانەش (خوا لەگشتیان رازی بێ). دەستیان هەرلە خێردا بووە. کۆتایی جزمی سێیەم ولله الحمد والمنە**

## رێنمایی ئایەتەکانی(93-95):

**لەشەریعەتەکانی تریشدا (نەسخ) هەربووە، وەکو ئەوەکە خوا هەندێ خواردەمەنی لەسەر جوولەکە، بەهۆی سەرپێچی خۆیانەوە حەرامکرد، پاش ئەوە کەبۆیان حەڵاڵ بوو، درۆو**

دەلەسەی جوولەکە کە دەڵێت بابی ئیبراهیم (یەعقووب) بوو, گۆشت و شیری وشتری حەرامکرد.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (97):

1- بەحەج و تەوافی ماڵی خوا بەرەکەت دەس ئەکەوێ.

2- ئەو کەسەی بتوانێ حەج بکاو، ئەوسا بێ هۆیەکی شەرعیی پشتگوێیێ بخاو نەیکا، کافر ئەبێ.

3- لەماوەی تەمەندا یەکجار حەج فەرزە، چونکە فەرموودەی: (لا، ولو قلتُ نَعَمْ لَوَجَبَتْ) لەوەڵامی پرسیارێکدا، باشترین بەڵگەیە بۆئەوە.

4- بێ نیازیی خوا لەتەواوی بوونەوەر, لەگەلێ جێگای تریشدا هاتووە(ئایەتەکانی تر)

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (104 - 109):

1- دەبێ هەمووکات لەنێو ئوممەتی ئیسلامدا دەستەو تاقمێ ببن کە ئوممەتانی تر بانگ بکەن بۆ دینی ئیسلام.

2- ئەگەر هێرش کرایە سەر ئیسلام, دەبێ ئەو دەستە ئامادەیە بەرگری لێبکەن و جەنگیان لەگەڵ بکەن، هەروا لەهەموو شارو گوندێکا پێویستە ئەوکۆمەڵە دروست بکرێ. 3- جیاوازی و ئیختیلاف حەرامە لەدیندا، ئەگەرچی ئێستا بەداخەوە موسڵمانان

بەشێوەیەکی وا لێکترازاون , فەرموودەکەی پێغەمبەریان (ﷺ) لەخۆیاندا جێکردۆتەوە کە: دەفەرمووێ: (تَفَرّقَتٍ اليَهُودُ على احدى وسبعين فرقة، أو سبعين فرقة، والنصارى مثل ذلك، وتَفَرّقَتْ أمتِى على ثلاث وسبعين فرقة )، واتە: جوولەکە بوونە (70) یان (71) دەستە، عیسایییەکانیش هەروا، ئەم ئوممەتەی منیش دەبنە (73) دەستە. (رواه الترمذى، وقال حديث صحيح)

## ڕێنمایییەکانی ئایەتی (124-127):

1- (موجاهید)و (عیکرەمە)و هەندێ تر دەڵێن: ئایەتی: ( إذ تقول للمؤمنين ) پەیمان و بەڵێن بوو بەموسڵمانان کە: ئەگەر (سەبر) و (تەقوا)یان هەبێ خواش بەژمارەیەك لەفریشتە پشتیوانیان لێدەکا، ئەمەش لەبەدردا ئاشکراو ڕوون بوو، بەڵام لەئوحوددا نافەرمانیان لەفەرمانەکەی پەیامبەر (ﷺ) کرد، ئیتر ئەو هاوکاری و یارمەتییە نەهات و، ئەوانیش تێکشکان.

2- بۆسەرکەوتن ئەگەرچی دەبێ، ژمارەی هاوسەنگ و چەك و تەقەمەنی پێویست هەبێ، بەڵام لەگەڵ گشت ئەمانەیشدا سەرکەوتن تەنیا هەربەدەستی خوایە, لە(بەدر)دا فریشتە لەدیمەنی مرۆدا بەواقعیی بەشداربوون و جەنگیان کرد.

## رێنماییەکانی ئایەتی (152-153):

**1- فەرمان شکاندنی فەرماندە بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا دەبێتە هۆی تێکشکان.**

**2- نافەرمانی لەخواو لەپێغەمبەر (ﷺ) وئیختلاف و کێشە لەنێو ئوممەتدا، ئاسەوارێکی رەشی دەبێ، لای کەمی تێکشکانی دنیایەو، لەدەستدانی دەوڵەت وحکومەتە.**

**3- هەر موسیبەتێ تووشی مرۆڤ ببێ لای خوا لەوە گەورەتریش هەیە، تێشکانی (ئوحود) ئەگەرچی بەڕەواڵەت تۆڵەو سزابوو، بەڵام لەواقیعدا نیعمەت و تاقیکردنەوە بوو، چونکە موسڵمانەکان و شیاربوونەوە کەسەرکەوتن و تێشکان هەردوو بەسراون بەکۆمەڵێ هۆکارەوە لەسەرویانەوە بەرفەرمانی و تاعەتی فەرماندە، دەبێ ئەو هۆکارانە پشتگوێ نەخرێن، تەنها جارێ نافەرمانی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) دەبێتە مایەی چەندین شەهیدو بریندارو تێکشکان، خۆ حاڵەتی ئێستای موسڵمانانیش باشترین بەڵگەی ئەو راستیەیە، چونکە ئەر هاوەڵان یەکجار سەرپێچییان کردبێت، خۆئێستا سەدان وهەزاران سەرپێچی ولاساری هەیە!.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (165،168):

**1- موسیبەت و بەڵاو نەهامەتی، بەرهەمی گوناح و تاوانە, وەکو خوا لەجێگایەکی تردا دەفەرموێ: (وما أصابكم من مصيبة فبما كسبت أيديكم) (الشورى30)**

**2- هەموو ڕووداوێك پێش خوڵقاندنەکەی لای خوا ئاشکرایە.**

**3- هەندێ جار مرۆڤ بڕێ شت دەڵێ، ئەوەندە گران وناقۆڵایە دەیباتە سەر لێواری کوفر.**

**4- وشیاریی و، خۆ پاراستن لەمردن ، (قەزاو قەدەر) ناگێڕێتەوە.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (169،171):

**1- شەهید زیندووەو قەت نامرێ، موسڵمانانیش هەروا, بەڵام ژیانی شەهید کامڵ ترە.**

**2- شەهید مزگێنی بەموجاهیدانی پاش خۆیان دەدەن**

**کە ئەوانیش وەکو ئەمان پاداشیان بۆهەیە.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (172-175):

**1- مەزنی و فەزیلەتی ئاکاری چاك و تەقوا، کە بێگومان هەردووکیان کلیلی هەموو خێرێکن.**

2- رێزو فەزڵی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەرامبەر خەڵکی ترەوەو، قەدرو نرخیان بەلای خواوە.

3- گەورەیی و بەرەکەتی وتنی وشەی (حسبنا الله ونعم الوكيل) لەکاتی تەنگانەدا بەتایبەت پێغەمبەران (محمد)و (ئیبراهیم/علي نبينا وعليهم أفضل الصلاة والسلام) لە قۆناغە تاڵ و تفتەکانی ژیانیاندا دەیانگوت.

4- شەیتان هەمووکات بەدۆستانی خۆی, هەڕەشە لەبڕواداران دەکاو دەیانترسێنێ، جا دەبێ موسڵمانان لەخوا نەبێ لەکەس نەترسن و، تەوەکولیشیان هەر بەوبێ.

## رێنماییەکانی ئایەتی (185-186):

1- دنیا جێگای پاداش و تۆڵە نییە، بەڵکو جێگای هەوڵ کۆشش و کاروکردەوەیە.

2- رزگاریی و، بەختیاری راستەقینە دوور بوونە لە ئاگرو، چوونە ناو بەهشتە.

3- ژیانی ئەم دنیا کاڵایەکە، نابێ پشتی پێوە ببەسترێ.

4- تاقیبوونەوە کارێکی زەروورییی و حەتمییە، جا لەبەرامبەریەوە سەبرو تەقوا بۆ موسڵمانان پێویستە .

5- جوولەکەو گاورو موشریکان، هەردەم ئازاری موسڵمانان دەدەن, ئەوەبوو (فەحاس)ی یەهوودیی وتی: ئێمە دەوڵەمەندین

و، خواش هەژاروو بێ دەسەڵات! نەساراش وتیان: عوزەیر کوڕی خوایە! موشریکان وتیان: (لات و عوزاو مەنات) شەریك٤ هاوبەشی خوان! (عەبدوڵڵای کوڕی سەلوول)یش بەپێغەمبەری گوت: نزیکی کۆڕەکانمان مەبەوە، (کەعبی کوڕی ئەشرەف) بەهۆنراوەی نابەجێو ناقۆڵا ئازاری پێغەمبەرو موسڵمانەکانی دەدا ، گەلێ جار بەرامبەر بە ژنە موسڵمانەکان بەخراپە دەدوا، بۆیە لەئەنجامدا پێغەمبەر (ﷺ) (موحەممەدی کوڕی مەسلەمە)ی ناردو فورسەتی لێ هێناو کوشتیی.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (187-189):

1- خوا پەیمانی تۆکمەو مەحکەمی لەزانایانی (بەنی ئیسرائیل) وەرگرت کە: هەرگیز هەق نەشارنەوە، دیارە زانایانی ئەم ئوممەتەش دەبێ چاکتر سوور بن بۆ دەرخستنی هەق و ڕاستیی و، تەئویل نەکردنی ئایەتەکان لەبەرخاتری ئەم وئەو. 2- موسڵمان نابێ ڕێگا بدا مەدح وسوپاس بکرێ لە بەرامبەر شتێکەوە نەیکردبێ، بەڵکو ئەگەر کردبوویشی دەبێ بیشارێتەوە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (190-195):

1- بۆ بەهێز بوونی ئیمان و بڕوا, پێویستە لە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی تێرامانین بکەین.

2- خوێندنی ئەم ئایەتانەی: ( إن في خلق السموات والأرض..) تاکۆتایی سوورەتەکە، بەتایبەتی لەکاتی هەڵسان بۆ شەو نوێژ سوننەتە،

3- هەمووکات یادی خوا بەپێوە، بە دانشیتن، بەراکشان , لەسەر تەنیشت سوننەتە، .

4- داوای پەنادان لەئاگری دۆزەخ بە بڕواو ئاکاری چاك و پاڕانەوە لەخوا سوننەتە.

5- فەزیلەتی هیجرەت و جیهاد لەبەر خوا.

6- ژن و پیاو لە پاداش و تۆڵەدا یەکسانن.

7- هەوڵ بدرێ ژیان لەگەڵ چاکاندا بەڕێ بکرێ .

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (169-200):

1- دەبێ موسڵمان هەمیشە ورياو وشيار بێ و، هیچ کات رزق و رۆزی فرەی کافران لەخشتەی نەبا، چونکە شتی وا نیشانەی رەزامەندی خوا نیە، وە ئەو نیعمەت و بەخششانە کە خوا بۆ ئاکارچاکان ئامادەیکردوون لەم دنیایەو لەوەیش تێیدایە باشترە.

2- رێزگەتن لەباوەڕدارە خاوەن کتێبەکان و، مژدەی قورئانیش بەبەهشت پێیان

# سورة النساء

## رێنماییەکانی ئایەتی (2-4):

1- هەموو ماڵێکی حەرام ناپاك و پیسە.

2- هەموو ماڵێکی حەڵاڵ پاکوخاوێنە.

3- ماڵی چاکی هەتیو نابێ بە ماڵێکی خراپ بگۆڕدرێ.

4- (وەسی) و چاودێری هەتیو, نابێ ماڵی هەتیوەکە لەگەڵ ماڵی خۆی تێکەڵ بکاو بیخوا.

5- زیاد لە ژنێك تا چوار -لەگەڵ رەچاو کردنی دادگەری و نەفەقەدا- حەڵاڵە.

6- خوا مارەیی دانا بۆ ژنان چونکە عەرەب پێش ئیسلام مارەییان بۆ ژنان دانەدەنا، بۆیە دانانی مارەیی بۆ ژنان پێویستە لە سەر پیاوو نابێ هیچ شتێك لەمارەیی ژنان بخورێ ، مەگەر بەرەزامەندی خۆیان .

## رێنماییەکانی ئایەتی (7-10):

**1- دانانی یاسای میرات لەئایینی ئیسلامدا، جا هەرکەسێك لەخزمان و هەتیوان و بێنەوایان ، ئەوانەی میرات نابەن، لەکاتی دابەشکردنی میراتەکەدا لەوێ بوون، دەبێ شتێکیان بدرێتێ، خۆئەگەر بەشیان نەدرا دەبا بەقسەیەکی خۆش بەڕێ بکرێن و هەوڵی رازی بوونیان بدرێ.**

**2- ئامۆژگاری ئەو کەسە بکرێت لە گیانەڵڵادایە کە: لە وەسیەتەکەیدا ناهەقیی لەمنداڵەکانی نەکا.**

**3- دەبێ زۆر بەچاوی سۆزەوە چاودێری هەتیوان بکرێ، خواردنی ماڵی هەتیو بەناهەق و ستەم، هەڕەشەی سەخت هەیە بەرامبەریی و بەگوناهی گەورەش دانراوە، دیاریکردنی بەشێك لەمیرات بۆ ئەوخزمانە میراتیان پێنابڕێت،**

## رێنماییەکانی ئایەتی (15-18):

**1- تۆڵەی زینا بەر لەسڕینەوەی بەئایەتی سوورەتی (نوور) و بڕیاری پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی ژن و پیاوی بەیەك گەیشتوو بەشێوەی شەرعیی و، پاشان زیناکردنیان بەبەردە باران، بەڵام بەو مەرجانەی زانایان باسیان لێدەکەن.**

**2- دەبێ زووپەشیمان بنەوە ، ئەوانەی وا تۆبە ناكەن تاگیان دێتە سەر لوتیان و دەكەونە(غەرغەرە)لەوكاتەدا تەوبەیان لێ وەرناگیردرێ، ئەو كافرانەیش كە هیوایان بەژیان نامێنێ ئەوسا تەوبە دەكەن هەروا.**

## رێنماییەكانی ئایەتی (19-21):

**1- هەڵوەشانەوەی باوی بەمیراتكردنی ژنان و ئازاردانیان بەمەبەستی دەست هەڵگرتنیان لەمارەییان، مەگەر زینابكەن، یائیتاعەی مێرد نەكەن، ئەوكات دەتوانێ نائاسایی بێت لەگەڵیا، هەتا خۆی بكڕێتەوەو دەس لەمارەییەكەی هەڵبگرێ، وەیان تەڵاقی بدات لەسەر زیاتر لەمارەییەكەی خۆی.**

**2- مارەیی ژنان هەرچەند زۆربێ، بۆیان حەڵاڵ و رەوایە، ئەگەرچی بەرەكەتیش لەوەدایە مارەیی كەم و سووك بێت.**

**3- دەبێ ماوەی پەیمان و متمانە بەیەكتر دان و، گۆڕینەوەی خۆشەویستی لەیاد نەكرێت.**

## رێنمایەكانی ئایەتی (24-25):

**1- مارەكردنی ژنی خاوەن مێرد بۆهیچ كەسێك رەوانییە, مەگەر لەمێردەكەی جیابێتەوە بەتەڵاق ، یا بەمردن ، پاشانیش عیدەی بەسەر بچێ، بەڵام كەنیزەی جەنگیی ئەگەرچی مێردیشی هەبێ،**

پاش بڕواهێنانیی و بەسەر چوونی عیددەی مارە دەكرێ، چونكە بە ئیسلامبوونی ژنەكە لەیەك حەرام ئەبن.

2- مارەیی بۆ ژنان واجب و پێویستە، ژنان دەتوانن هەندێ لەمارەییەكەیان ببەخشن بە مێردەكانیان.

3- هەركەنیزەیەك موسڵمان بوو و زینای كرد, ئەوە نیوەی ژنە ئیمانداریێكی ئازاد تۆڵە دەدرێ.

4- مارە نەكردنی كەنیزە -ئەگەرچی دەسەڵاتی مارەكردنی ژنی ئازادیشی نەبێ- باشترە، چوون ئیمامی (عومەر) دەڵێ:
هەركەسێ كەنیزە مارەبكا، منداڵەكەی دەبێتە بەندە

## رێنماییەكانی ئایەتی (32-33):

1- ئارەزوو خواستن بۆماڵ و سامان و كارنەكردن بۆ پەیداكردنی، شتێكی دزێوو نەشیاوە.

2- ئێرەیی و حەسوودی بردن بەم و بەو كارێكی حەرامە.

3- هاوارو دوعا لای خوای میهرەبان هۆیەكن بۆ جێبەجێ بوونی مەبەستەكان.

4- دامەزرانی یاسای میرات بردن لەیەكتریی و پەیمان بەستنی برایەتی، دەبێ مافی خۆی بدرێتێ، بەڵام هەقی میرات بردنی نییە.
5- دەبێ هەمیشە چاودێریی و بەئاگایی خوا رەچاو بكرێ.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (34-35):

1- چەسپاندنی سەرپەرستیاریی و (قەووامە)ی پیاوان بەسەر ژنانەوە.

2- ڕێزو قەدر لێنان لەژنە سالحەکان، چارەسەری نافەرمانیی و مل نەدانی ژنان (نشوز).

3- بڕووبیانو دۆزینەوە بۆ لێدان و ئازاردانی ژنان حەرامە.

4- فەرمان بە (تەحكیم) و ناوبژیكردن لەكاتی ناكۆكی نێوان ژن و مێردا بۆ دەرخستنی هۆی ناكۆكی و پێكەوە نەژیان و پاشان یەك بخرێنەوە، یان لێك جیا بكرێنەوە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (36-39):

1- دەست نیشان كردنی مافی (10) دەستە لەم ئایەتەداو فەرمان بەجێبەجێ كردنی وەكو: پەرستنی خوا بەتاك و تەنیاو، چاكەكردن لەگەڵ دایك و باوك و... هتد.

2- دەعیە نواندن و خۆ بەزلزانین و خۆهەڵكێشان حەرامە،

3- ڕژدیی و چرووكیی و، شاردنەوەی زانست و هەقیقەت قەدەغەیە،

## رینمایەکانی ئایەتی (40-42):

**1- دادگەریی و لوتف و میهرەبانی خوا زۆر زۆرە!.**

**2- پلە سەختەکانی ڕۆژی قیامەت، ئەوەندە قورسن کافران دەخوازن کە هەر گڵ بوونایە.**

**3- گەورەیی و فەزیلەتی ئەم سوورەتی (نیسا)یە.**

## رێنماییەکانی ئایەتی (43):

**1- لەش قورس نابێ لەمزگەوتدا بمینێتەوە، بەڵام دەتوانێ بەپەلە بەنێویدا تێپەڕێ, وە ناشتوانێ قورئان بخوێنێ،**

**2- لەشگران دەبێ بەئاو خۆی بشوَرێ، خۆئەگەر ئاونەبوو تەیەمموم بکاو ئینجا ئەگەر گڵ دەست نەکەوت بوَ تەیەمموم، - وەکو کۆمەڵە زانایەکی زۆر دەڵێت- بەهەمووشتێکی تر، (وەك بەرد، زیخ، لم..) دروست و ڕەوایە.**

## رینمایەکانی ئایەتی (44-46):

**1- لەبەرامبەر گزیی و فرت و فێڵی یەهوودەوە هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) تائەمڕۆ بۆ بڕواداران تەنیا خوا بەسە.**

**2- دەرخستنی نیازو نیەتی بەدفەڕی جوولەکە بەرامبەر بە پێغەمبەر (ﷺ) .**

**3- باوەڕی کەم و لاواز، ئاسەوارێکی چاك بۆخاوەنەکەی ناخاتەوە.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (48):

**1- هاوبەشدانان بۆ خوا وبێ باوەڕیی, لەزیندەبەچاڵکردن و هەمووتاوانێکی تر گەورەترە.**

**2- هەموو نافەرمانییەك قابیلی بەخشینە، (شیرك)و (کوفر) نەبێ، ئەڵبەتە شیرك لق و پۆپی زۆرەو، لێرەدا لەبەر درێژبوونەوە بۆمان باس ناکرێ.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (58-59):

**1- دەبێ هەموو سپاردەو ئەمانەتێ بپاریزرێ و، پاشان لەکاتی پێویستدا بدرێتەوە بەخاوەنەکەی ، ئەگەرچی خاوەنەکەی پیاو خراپ و موشریك و کافریش بێ.**

**2- دادگەریی و عەدالەت -بەتایبەتی لە(قەزاوەت)و داوەرییدا- فەرمانێکی خواییەو پێویستە جێبەجێ بکرێت، دەبێ ئیتاعەی**

خواو، پێغەمبەرو سەرپەستیارانی موسڵمانان (واتە: زانایان و، فوقەها)کان بکرێ, هەر ئەمەیە (سەهلی کوڕی عبداللە) ئەڵێ:
هەتا خەڵكی رێز لەسوڵتانی موسڵمانان و زانایانیان بگرن، هەمیشە لەخێردا ئەبن، خواش کاروباری دونیاو ئاخیرەتیان بۆ ساز ئەکا، خۆئەگەر سووکایەتیان پێبکەن، ئەوا بەرنامەی دونیاو دوارۆژیان لێ تێك ئەچێ.

3- هەموو کێشەکان دەبێ بۆ چارەسەر بدرێنەوە دەستی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر.

4- بەختیاریی و سەرفرازیی دنیاو ئاخیرەت هەر بۆئەم ئوممەتەیە.

5- رزگاری مرۆڤ لەوەدایە هەموو کارەکانی بەپێی کیتاب و سوننەت جێبەجێ بکا.

## رێنماییەکانی ئایەتی (60-63):

1- بردنی هەرکێشەیەك بۆلای غەیری قورئان و سوننەتی پێغەمبەر, کارێکی ناپەسەندو حەرامە. ملنەدان بەپیاوە (تاغووت)ەکان واجبێکی شەرعییەو دەبێ خەڵکیش بۆ بڕانەوەی کێشەکانیان هەر بۆلای قورئان و سوووننەت بانگ بکرێن.

2- خەڵکانی نەزان و نەفام دەبێ پشتگوێ بخرێن و، پۆزش و قسەیان لێوەرنەگیردرێ و، بە چڕوپڕیش ئامۆژگاری بکرێن، هەتا مل رادەکێشن.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (64-65):

1- دەبێ گوێڕایەڵی لەهەموو (ئەمر)و (نەهی)یەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکرێ.

2- هەموو گوناحێ گەورەو بچووك سنوور بەزاندن و ستەمەو دەبێ تەوبەی لێبکرێ.

3- پێویستە بەهەموو بریارێکی خواو پێغەمبەر (ﷺ) رازی بین

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (74-76):

1- جیهادو جەنگ لەبەر دینی خواو بۆ ڕزگارکردنی خەڵکانی کزو بێ دەسەڵات و، هەڵوەشانەوەی دام و دەزگای لەخوا یاخییان فەرز کراوە.

2- موجاهید دونیای خۆی دەدا بەپاشەرۆژو قیامەت.

3- موجاهید چ بکوژرێ و شەهیدببێ، یان بەغەنیمەت ءدەستکەوتەوە بگەڕێتەوە، لەهەردووحاڵەتەکەدا سەرفرازو سەرکەوتووە.

**4- نابێ باوەڕداران لەترسی دوژمنانی دینی خوا دەست لەجیهاد هەڵبگرن، چونکە هێزی ئەوانە لەشەیتانەوەیەو، نەخشەی شەیتانیش هەرچەندە ببێ لاوازە.**

## رێنماییەکانی ئایەتی (77-79):

**1- تالووکەو پەلەوترس و کەم ورەیی, کارێکی ناشیاون و، ئەنجامێکی بی فەڕیان دەبێت.**

**2- ئاخیرەت بۆ خۆپارێزان لەهەموو دونیا باشترە.**

**3- هەرگیز بەخۆلادان لەجیهادو هەڵهاتن مردن دواناخرێت.**

**4- خێرو شەڕ، چاك و خراپ، هەموو بەبڕیاری خوا دەبێ، هەر چاکەیەکت بۆپێش هات لەخواوەیە، هەموو خراپەیەکش لەلایەن خۆتەوەیە، خۆت بۆخۆتی هەڵدەبژێری، ئەگینە هەرگیز خوا بەکاری خراپە رازی نییە.**

## رێنماییەکانی ئایەتی (80-83):

**1- گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری پێغەمبەر (ﷺ)، بڕیارێکی خوایی واجیبە، چونکە فەرمانی خوای لەسەرە.**

2- دەبێ بۆ بەهێزبوونی ئیمان و باوەڕمان لەنەبوونی ناکۆکیی و دژایەتی و هەڵە لەنێو قورئاندا تێ بفکرێین.

3- دەبێ هەموو هەواڵەکان، بەتایبەتی هەواڵەکانی بەرەی جەنگ, هەر فەرماندە جەنگییەکان -پاش لەبێژنگ دانیان- ڕایانبگەیەنن و بڵاویان بکەنەوە.

4- خەڵکێکی زۆر هەیە کە هەر بەبیستنی جۆرە هەواڵێك, خێرا دەگۆڕێ و ورە لەدەست دەدات

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (92-93):

1- مرۆڤی خاوەنباوەڕ، هەرگیز ناتوانێ بەدەس ئەنقەست کەسێکی باوەردار بەناهەق بکوژێ.

2- تۆڵەی کوشتنی مرۆڤ بەهەڵە: ئازادکردنی بەندەیەکی باوەڕدارە، دەبێ خوێنەکەیشی بدرێ بەکەس و کارەکەی.

3- ئەگەر کوژراوەکە لەهۆزی بوو پەیمانیان لەگەڵ مۆرکرابوو، دەبێ خوێن بەکەسوکارەکەی بدرێ و، بەندەیەکیش ئازاد دەکرێ.

4- ئەگەر کوژراوەکە موسڵمان بوو, بەڵام سەر بەهۆزێکی کافرو دژوار بوو، بۆئەوە تەنیا بەندەیەك ئازاد دەکرێت. واتە: خوێنیان پێنادرێ.

5- هەرکەسێ بەندەی دەس نەکەوت، دەبێ دوومانگ بەدوای یەکدا بەرۆژوو بێ.

**6- کوشتنی دەس ئەنقەست: یا تۆڵەو (قیصاص)ی لێوەردەگیردرێ، یان بەتەنیا خوێنی دەدرێ، خۆئەگەر کەس و کارەکەی هیچ کامێکیان ئەنجام نەدا بۆکەس وکاری کوژراوەکە، ئەوا خوا لەقیامەتدا پاداشتی دەداتەوە و بۆخۆیشی کارێکی باشیکردووە.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (94):

**1- دەبێ بۆجیهاد ڕێگەی دوورودرێژ ببڕدرێ.**

**2- دەبێ لەو شتانە بکۆڵینەوە کە کردنیشیان بەهەڵە زیانێکی گەورەی لێ دەوەشێتەوە.**

**3-وەرگرتنی پەندوئامۆژگاری لەڕووداوەکان**

## رێنماییەکانی ئایەتی (95-96):

**1- فەزڵی موجاهید بەسەر ئەوکەسانەدا جیهاد ناکەن ودانیشتوون حەتمیە.**

**2- بڕواداری خاوەن پۆزش و بەبیانوو، کرێ و مزەی موجاهیدانی گوَرەپانیان هەیە، بەمەرجێ توانایان نەبووبێ بچنە غەزاو لەدڵیشەوە حەزیان لێکردبێ.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (97-100):

**1- هەرکات بڕواداران ڕێی و شوێنی خواپەرستیان لێبەسرا، دەبێ لەوجێگایە هیجرەت بکا بۆ وڵاتێکی تر کەبتوانێ لەوێ بەئازادانە خواپەرستی بکات.**

**2- مانەوە لە (دار الكفر) و هیجرەت نەکردن تێیدا, بەگوناحی گەورە دانراوە.**

**3- کەسێك جیهادی لەکۆڵ بکەوێ، هەرئاوا هیجرەتیشی لەسەر لادەچێ.**

**4- کەسێ لەماڵ دەرچووو پاشان لەڕێگادامرد, ئەوە پاداشی کاملّی هەیە،**

**5- لەهەر وڵاتێ حەرامخوَریی زاڵبوو بەسەر حەڵاڵ خۆریدا هیجرەت پێویستە.**

**6- هەر موسڵمانێ لەخۆی، یا لەماڵ و منداڵ و شەرەفی دەترسا, دەبێ هیجرەت بکات.**

**7- هەر وڵاتێك زانایەکی وای تێدا نەبێ شارەزای ئەحکامەکانی دینی خوابێت, پێویستە لەوێ دەرچێ.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (101- 103):

**1- پێغەمبەر (ﷺ) زۆر جاران هەم بەقسە، هەم بەکردەوە دووپاتی کورتکردنەی نوێژەکانی دەکردەوە، بەڵام زاناکانمان لەمەدا قسەیان جیاوازە کە: ئاخۆ ئەو کورتکردنەوەیە واجیبە، یا سووننەتە؟ هەندێ دەڵێن: واجیبە، چون خاتوو عائیشە ئەڵێ: (فرضت الصلاة رکعتین رکعتین)، بەلام جەماوەری زانایان پێیان وایە کە: کورتکردنەوە (سوننەت)ـە. هەندێکی دیکەش ئەڵێن: ئەوکەسە بەئارەزووی خۆیەتی: دەتوانێ کورتی کاتەوە. دەشتوانێ بەئاسایی بیکا، بەڵام قسەی پەسەندیان ئەمەیە کە: کورتکردنەوە سوونەتێکی ((رواه الترمذی، وقال حدیث صحیح))و دوپات کراوەیە.**

**2- نوێژی ترس و شێوەی کردنەکەیشی دانی پێدانراوە.**

**3- گەورەیی نوێژ بەجەماعەت، تەنانەتی لەکاتی ترس و جەنگیشدا ئەنجام دراوە.**

**4- ناو هێنانی خوا هەمووکات سوننەتە بەتایبەتی لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا.**

**5- نوێژ فەرزەو کاتەکەشی دیاریکراوە، وەکو حەج فەرزەو کاتی خۆی هەیەو نابێ لێی لابدرێت.**

**6- موسافیر دەبێ لەشوورەی گوندەکەی، یان شارەکەی دەرچێ ئەوجار دەتوانێ نوێژەکان کورت بکاتەوە.**

**7- گەر رێبوارێك لەپشت ئیمامێکی تەواوکەری نوێژەوە نوێژی دابەست بەجەماعەت، دەبێ ئەویش وەك ئەوئیمامە نوێژەکەی**

تەواوکا، بەڵام ئەگەر کەسێك (موقیم) بوو و نوێژی لەتەك ئیمامێکی موسافیر کرد، قەیدی نییە، بەڵام بۆدوایی دەبێ خۆی تەواوی بکا.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (105-109):

1- حوکم و بڕیاردان بە غەیری قورئان و سوننەت کوفرە.

2- پشتیوانی لەستەمکاران و تاغووتان و گزیکاران حەرامە.

3- داواکردن لەخوا بۆ بەخشینی تاوانەکان، چ بچوك چ گەورە کارێکی پیرۆز و پێویستە.

4- رق و قین لەتاوانکاران و پیاوخراپان ڕق و قینێکی پیرۆزە.

5- وە بیرهێنانەوەی رۆژەکانی قیامەت بەپەندو ئامۆژگاریی.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (114-115):

1- چپەو سرتە سرتی دووکەس، بێ رەزامەندی سێیەمیان حەرامە.

2- هەموو کۆبوونەوەیەکی نهێنی خێری تیدا نییە، ئەگەر بۆ کۆکردنەوەی خێرو سەدەقە، یان بۆ فەرمان بەچاکە، یان بۆ رێکخستنی نێوان دووکەسی ناکۆك نەبێ.

3- دەرچوون لەنەخشەو پلانی ئەهلی سووننەت و جەماعەت، و پەیڕەوی کردن لەدەست و تاقمە سەرلێشێواوەکان کارێکی قەدەغەو حەرامە.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (116-121):

1- تەواوی گوناحان بەبچوك و گەورەیەوە بێجگە لەشیرك، خوای میهرەبان دەیانبوورێ ئەگەر خۆی حەزکا، (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) ئەڵێ: لەقورئاندا ئایەتی تر نییە وەك ئەم ئایەتەی: ( إن الله لايغفر أن يشرك به، ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء ) لام خۆشەویستربێ/ ئیمامی (تیرمیزیی) هێناویەتی.

2- بتپەرستان و ئارەزوو هەوا پەرستان، لەبنەڕەتدا گشت شەیتان پەرستن.

3- بەڵگەی شەیتان پەرستیی ئەنجامدانی گوناحەکانە بەبچوك و گەورەیانەوە.

4- خاڵ کوتان و بڕۆ و روخسار هەڵگرتن و، ددان شاش و باریك کردن و، داخکردنی حەیوان و، خەساندنی ئاژەڵ و ئادەمزاد کارێکی یاساغ و حەرامە. چەکی شەیتان هەمیشە درۆو دەلەسەو ئارەزوو بازیی و لەخشتەبردنی (جن) و مرۆڤە

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (135-137):

1- دەبێ لەکاتی داوەریی و شایەتیداندا دادگەر بین.

2- شایەتی ناهەق و، کیتمانی شایەتیی، کارێکی حەرامە

3- مرۆڤ هەتا دەمرێت دەبێ هەر لەسەر بڕواو ئیمانی خۆی دامەزراو بێت.

4- پایەکانی ئیمان و باوەڕ: باوەڕبوونە بەخواو بەفریشتەو بەکتێب و بەپێغەمبەران و بەڕۆژەکەی تر، لەتەك قەزاو قەدەردا،

5- لەدین وەرگەڕاو (مورتەد) بەلای هەندێ لەزانایانەوە سێ ڕۆژ مۆڵەتی پەشیمانی دەدرێتێ، جا ئەگەر لەوماوەیەدا پەشیمان نەبوویەوە دەکوژرێ، ئەوساش نە نوێژی لەسەر دەکرێ و، نەلە گۆڕستانی موسڵماناندا دەنێژرێت، هەندێ دەڵێن مۆڵەت نادرێ و یەکسەر دەکوژرێ

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (138-141):

1- بەدۆستکردنی بێ باوەڕان و کافران و هاریکارییاریان کارێکی حەرامە، بۆنمونە: لەکاروباری ئاییندا پەنایان پێ ببرێ و بکرێنە کۆمەك، بۆ ئازاردانی تاقمێ لەموسڵمانان، .

2- عیزەت و حورمەت هەرگیز لای غەیری خوا بەدەست نایە.

3- بەکۆی دەنگی زاناکانیش ڕەزامەندی بەرێبازی کوفر، هەر کوفرە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی(142-143):

**پەسن و سیفاتی دووڕووەکان: تەمەڵی و سستی کردنە لەنوێژەکاندا، ئیمامی مالیك لەکتێبی (الموطأ)دا هێناویەتی: (إن النبی(ﷺ) قال: تلك صلاة المنافقين -ثلاثا- يجلس أحدهم يرقب الشمس حتى إذا كانت بين قرني الشيطان، أو على قرني شيطان، قام فينقر أربعا لايذكر الله فيها الا قليلا) دووڕووەکان پاڵی لێدەدەنەوەو لێی دادەنیشن هەتا خۆر هەڵدێ، پاشان بەپەلەو خافل و بێ ئاگا هەڵدەستن بۆنوێژەکەیان و, چوارجار دەنووك لەزەوی دەدەن و دەچن! ئەمە هەرپەسن و سیفەتی پیاوی دووڕووییە، ئەگەرنا موسڵمان نوێژەکانی لەکاتی خۆیاندان و زۆریش بەزەوق و خۆشییەوە هەڵدەستێ بۆیان، ئیمامی موسلیم ئەم فەرموودەیە دەهێنێ: (مَثَلُ المُنافِقِ كَمَثَلِ الشاةِ العائِرَةِ بَيْنَ الغَنَمَيْنِ "المُتَرَددة بين قطيعين من الغنم" تَعيرُ الى هذه مَرَّة والى هذه أُخرى ). واتە: مرۆڤی دووڕوو هەر دەڵێی مەڕە شێتەیە، جارێ دەچێتە ناو ئەو مێگەلەکەو، جارێ دێتە ناو ئەم مێگەلەکە.**

# سورة المائدة

## رێنمایەکانی ئایەتی (1-2):

1- پەیمانی خوا لەگەڵ بەندەکانیء، پەیمانی مرۆڤەکان لەگەڵ خۆیاندا بپارێزن.

2- گۆشتی مەڕوماڵاتی مردارەوە نەبوو حەڵاڵە.

3- راوی نیچیری وشکایی -وەك نێچیری دەریایی- بۆ حاجیان وعومرەکەران لەبەرگی ئیحرامدا حەرامە.

4- ریزگرتن لە (شەعائیر)و دروشمە دینیەکانی خوا پێویستە.

5- دەستدرێژی تەنانەت بۆسەر کافرانیش کارێکی حەرامە.

6- پێویستە موسڵمانان هەمیشە لەسەر جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا، یارمەتی و هاوکاری یەکتر بکەن .

## رێنمایەکانی ئایەتی (3):

1- گۆشتی بەرازو هەمووشتێکی مردارەبوو حەرامە.

2- هەرشتێکیش کەسەرەنجامەکەی بە (تیر/ ئەزلام) دەربکەوێ (وەك ڕمرنی ربی, نهانی ربی..) قەدەغەیە بەکار هێنانی.

3- هەرحەیوانێك لەبەرامبەر گۆڕی هەر پێغەمبەرو پیاوچاکێکەوە، یان لەبەر پێی هەر سەرۆك وپاشایەکەوە، سەر بڕا حەرامە. هەر حەیوانێ لەحاڵی ژیاندا سەر بڕا، ئەگەرچی لەگیانەڵانیشدا بێت حەڵالە. دەبێ تەنها لەخوا ترسمان هەبێ.

4- داهێنانی هەرکارێکی بیدعە لەدیندا حەرامە.

5- مرۆڤی برسی و ناچار -بەمەرجێ مەبەستی بەزاندنی سنوورەکانی خوا نەبێ- دەتوانێ لەگۆشتی مردارەوەبوو بخوا.

6- هەر ئامێرێکی تێژ بڕ -بەدەر لەئێسك وددان- حەیوانی پێ سەردەبڕدرێ، بەو مەرجە کە ڕەگـﺀ دەمارەکانی لاملی ببڕدرێ و، لەکاتی سەربڕینییدا خوێنیش دەرپەڕێ.

7- نەرم ونیانییﺀ میهرەبانی لەگەڵ حەیوانەکەدا 'بەر لەسەر بڕینی' کارێکی سوننەتە.

8- دەبێ ئامێری سەربڕین تیژبێ، حەیوانەکە ڕووی لەڕووگە بکرێ و، هەتا بەتەواوی پاش سەربڕین سارد نەبێتەوە، چەرمەکەی لێ نەکرێتەوە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (4،5):

1- دەبێ بۆ گشت کاروباری ژیانت، بەتایبەتی دەربارەی حەڵاڵ وحەرام لەزانایەکی شەرعزان بپرسی.

2- گۆشتی نیچێر بەم مەرجانەی خوارەوە حەڵاڵە :

یەکەم: راوپێکراوەکە تالیمکراوبێ.

دووەم: ئەوکاتە بەرەڵا دەکرێ و دەنێردرێ بۆنێچیرەکە (بسم الله)ی بکرێ.

سێیەم: کاتێ نێچیرەکەی گرت، لێی بخوا.

چوارەم: ئەوکاتە دەنێردرێ بەنییەتی حەڵاڵکردنەوە بنێردرێ.

پێنجەم: هەر حەیوانێ بەتفەنگ، یان بەهەر ئامێرێکی تری تیژ -نەك بەدار، یان بەبەردی پان.. - گیانی لەدستدا حەڵاڵە.

3- مارەکردنی ژنە (کیتابیەکان)، بەومەرجە: کە ئازادو داوێنپاکبن و بەشێوەی شەرعیی مارەبکرێن حەڵاڵە.

4- (نكاح المتعه) لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت نارەواو حەرامە.

5- زۆرجار نافەرمانیی و کاری تاوان و گوناح، سەردەکێشێ بۆکوفر.

6- هەموو کاروکردەوەیەکی مرۆڤی لەدین وەرگەڕاوە، باتڵ و پووچەڵە، خۆئەگەر بۆدوایی پەشیمان بوویەوەو هاتەوە لای ئیسلام ، ئەوا کارەکانی پێش (ریددە)کەی هەر لەدەس چووە.

**7- خاتوو(عائیشه) دەڵێ: لەسەفەرێكدا لەگەڵ پەیامبەر (ﷺ) بووین، هەركە گەیشتە (ذات الجیش) ملوانكەكەم بچڕاو ونبوو، ئەوجا بەوبۆنەیەوە پەیامبەر (ﷺ) و هاوەڵان گشت ماتڵ بوون و لەوێ مانەوەو، ئاویش دەست نەدەكەوت بۆ نوێژ، ئینجا خەڵكەكە ڕۆشتنە لای (ئەبو بكر)ی بابم و گوتیان: خۆ دیتت (عائیشە) چی كرد بەپەیامبەرو بەوخەڵكە و، وا ئێستاش ئاوییان لانییە؟! جالەوكاتەدا كە پەیامبەر ئیسراحەتی دەكردو سەری لەكۆشمدا بوو وخەوتبوو بابم هات و وتی: عایشە! دەزانی چۆن پەیامبەرو ئەوخەڵكەت ڕاگرتوو ئاویش نییە؟ گلەیی و سەركۆنەیەكی زۆری كردم و لێم توورە بوو، دەستێكیشی كوتایە كەلەكەم، لەبەر پەیامبەر دڵم نەهات هاوارو جموجۆڵ بكەم، جا كاتێ ڕۆژ بوویەوەو ئاو بۆ دەستنوێژ نەبوو، خوای میهرەبان ئایەتی (تەیەمموم)ی نارد، پاشان (ئوسەید) وتی: ئەی بنەماڵەی ئەبووبكر! ئەمە یەكەم چاكەو پیرۆزیتان نییە بۆموسڵمانان، عائیشە دەڵێ: پاشان سەیر دەكەم ملوانكەكەم لەژێر وشترەكەدایە. (متفق علیه).**

## ڕێنماییەكانی ئایەتی (24-26):

**ترسنۆكی و بێ جورئەتی یەهوودو بێ ئەدەبییان بەرامبەر بەخواو بەپێغەمبەرانیان ! بێزاریی و بەرائەت لەكاری خراپی خراپكاران و داوای خەشم و تووڕەیی خوا بۆیان، بایەخ نەدان و خەم و**

خەفەت نەخواردن بۆ ستەمکاران، بەتایبەت ئەو دەمەی وا سزای خوایان بۆ دێ.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (27-31):

1- دەبێ بەهەموو کارێکی چاك، بەخواوە نزیك ببینەوە.

2- گەورەیی تاوانی حەسوودیی و شوێنەوارە بەدفەڕەکەی.

3- کردەوەی چاك هەر بەئیخلاس مەرجی ڕێکبوونی لەگەڵ شەرع وەردەگیردرێ.

4- (قابیل) یەکەم کەسێ بوو کە تاوانی کوشتنی داهێنا، بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێ: (مَا مِنْ نَفْسٍ تَقْتُلُ نَفْساً ظُلْماً إلا كان على ابنِ آدمَ الأولِ كِفْلٌ، ذلك بأنه أول مَنْ سَنّ الْقَتْلَ )، واتە: هەر لەو کاتەوە هەتا ڕۆژی سەڵا هەرکەسێك بەناهەق بکوژرێت، بەشێك لەوتاوانە دەکەوێتە سەر گەردنی کوڕە یەکەمەکەی ئادەم (عليه السلام)، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کوشتنی داهێنا.

5- شاردنەوەو لەگۆڕنانی مردوو واجیب و پێویستەو ، باشترین دووکوڕەکەی ئادەم: بەناهەق کوژراوەکەیانە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (32):

1- خوا بەنی (یەهوود)ی توندکردەوە، بۆیە پاش ئەوهەموو خوێن ڕشتنەیان تۆڵەی سەختی بۆ دانان.

**2- فەسادو خراپکاری (بەنی ئیسرائیل) وەنەبێ لەنەزانینەوە بووبێ، نەخێر، بەڵکو شوێنی هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتن و، لە ئەنجامیشدا غەزەبی لێگرتن، مەبەست بەمانەش کەلەم ئایەتانەدا هاتوون، هەر ئەوانن لە: (غير المغضوب عليهم)7/1. یان (يا أيها الذين آمنوا لا تتولوا قوما غضب الله عليهم ..) 31/60 دا باسکراون.**

## رێنمایەکانی ئایەتی (38-40):

**1- تۆڵەی ژن و پیاوی دز: بڕینی دەستی ڕاستییانە، هەتا دەگاتە مەچەکیان، بەومەرجە کە دزراوەکە لەجێی شیاوی خۆیدابووبێ و، ئەمیش بەنهێنی بردبێتی و، نرخیشی (1/4)ی دینارێکی زێڕبێ و، دزەکەش باڵغ و ژیربێت، جاپاش دەس بڕینەکە، وەکو: (ترمزيی و، ئەبوداود، نەسایی) ڕیوایەت دەکەن دەسی لەملی هەڵدەبەسترێ، هەرکاتێکیش تەوبە بکاو هەرچی بردووە بیداتەوە، خوا لێی وەردەگرێ.**

**2- دز تانەبرێتە لای دادوەر تەوبەی لێوەردەگیردرێ، ئەگەرچی دەستیشی نەبڕدرابێ، بەڵام کە برایە لای حاکم و دادوەر، ئیتر هەردەبێ دەستی ببڕدرێ.**

**3- دەبێ مرۆی ئیماندار، بەرامبەر بەبڕیارەکانی خوا، خۆ بەدەستەوە بدا.**

**4- بەکۆی دەنگی زانایان ئەر(باوك)شتێ لەماڵی کوڕی بدزێ، دەستی ناپڕدرێ، لەبەر فەرموودەی: (أَنْتَ ومَالُكَ لأبِيكَ )، بۆ پێچەوانەکەیشی، ڕای پەسەند ئەمەیەکە: ئەر کوڕیش لەماڵی بابیا دزیی کرد، دەستی ناپڕدرێ. هەڵوێستەیەك: دەبێ لە کۆمەڵگەی راستەقینەی ئیسلامدا، ئەوەندە پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ جێبەجێ بکرێن**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (41-43):

**1- خەم وخەفەت نەخواردن بۆقسەی ناپەسەندی کافرو خوانەناسان، کارێکی شەرعیی و سوننەتە.**

**2- گوێ گرتن بۆ درۆ لەبەر ناچاری نەبێ کارێکی حەرامە.**

**3- گۆڕینی بڕیارو (کەلام)ی خوا ، قەدەغەو حەرامە.**

**4- داوەر دەتوانێ لەنێوان خاوەن نامەکاندا داوەریی بکا، دەشتوانێ بیان نێرێ بۆلای زاناکانی خۆیان.**

**5- دادگەریء یەکسانی و بێ لایەنگری لەحوکمدا پێویستە، ئەگەرچی بریار بۆ دراوەکەش ناموسڵمان بێ.**

**6- ددان نان بە کوفری (جوولەکە)دا، چونکە زاناکان دەڵێن: هەرکەسێ شوێنی حوکمی غەیری خوا کەوێ کافر دەبێ ، خۆ دیارە جوولەکەیش ئەوە حاڵیانە. سەیرو سەمەرە لەوەدایە کە**

زۆربەی موسڵمانی ئەمڕۆش هەر بەیاسای ئەم لاو ئەولا کاردەکەن!.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (44-47):

1- دەبێ هەر لەخوا بترسین و، هەر فەرمانەکانی ئەویش جێبەجێ بکەین، ئینکاری یاساکانی خواو، حوکم پێ نەکردنیان و، سووکایەتی پێکردنیان و پەسەندکردنی هەندێکی و پشتگوێ خستنی هەندێکی تری، بێ شك کوفرە.

2- تۆڵەو (قیساس) و خوێن لە نەفس و، لە برین و زەخمەکاندا واجیبە، بۆ نموونە: هەردوو چاو خوێنی تەواوی دەکەوێ، یەك چاوی ساغ نیو خوێن، لووت خوێنی تەواو، هەردوو گوێ خوێنی تەواو، یەك ددان پێنج وشتر، هەردوو لێو خوێنی تەواو ، زمان خوینی تەواو.

3- زیادەڕەوی لەتۆڵەدا -دووکەس لەباتی یەك کەس، یالەباتی بکوژەکە خزمێکی بکوژرێتەوە- کارێکی حەرامە لەکتێبی (ئینجیل)یشدا تۆڵە و قیساس هەر هەبووە، کەوابوو ئێوەش عیسایی و مووسایی- کار بەوبڕیارانە بکەن.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (48-50):

**1- دەبێ لە هەمووشتێکدا هەر بەقورئان و سوونەت، حوکم و بریار بدرێت، نابێ هیچ شەریعەت و بەرنامەیەکی تر، بکرێ بە یاساو بەرنامەو حوکم و بڕیاری پێ بدرێ.**

**2- نابێ پەیڕەوی لە هەواو ئارەزوی خەڵکی بکرێ.**

**3- حیکمەتی جیاوازیی نێوان شەریعەتە ئاسمانیەکان، ئیبتیلاو تاقیکردنەوەیە.**

**4- زۆربەی زۆرینەی موسیبەت و بەڵا هەر لەگوناحەوە سەر هەڵدەدا.**

**5- شەریعەتی ئیسلام لەگش شەریعەتەکانی تر، لەهەموو روویەکەوە تێرو تەسەل ترە.**

## رێنماییەکانی ئایەتی (51-53):

**1- دۆستایەتی لەگەڵ جوولەکەو نەساراو کافرانی تردا حەرامە، بەڵام لەبواری بازرگانیی و ئاوەدانیی و پیشەسازیی- ئەگەر پێویست بوو- قەیدی نییە.**

**2- هاوکاری بێ باوەڕان و مورتەددان بەزیانی موسڵمانان ، بە وەرگەڕان لەدین دادەنرێ.**

**3- دۆستایەتی بێ باوەڕان، هەمیشە لەئیمان کزییەوە سەری هەڵداوە، بۆیە ئەنجامەکەیشی هەر کافربوونە.**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (54-56):

1- ڕاگەیاندنی هەواڵە غەیبیی و نادیارەکان لەلایەن قورئانەوە، پاشانیش بەراست دەرچونیان، بەڵگەی ئەوەن کە قورئان فەرموودەو (کەلام)ی خوایە.

2- فەزیلەت وپلەو پایەی ئیمامی (ئەبی بەکر) و هاوەڵانی بەتایبەتی هۆزی (ئەبی موسای ئەشعەری / یەمەنیی). (ئیبن ئیسحاق) دەڵێ: بێجگە لەعەرەبی مەدینەو، مەککەو، (بەحرەین) هەموو ئەوخەڵکە لەدین وەرگەڕانەوەو، بوونە دووبەش:
هەندێکیان هەر زەکاتیان نەدەدا، هەندێکی دیکەیان بە تەواوی دینیان خستە ئەولاوە، جا بۆ ڕاستکردنەوەیان ئیمامی (ئەبو بەکر)و هاوەڵانی، جەنگیان لەگەڵ کردن.

3- خۆشەویستی خواو ڕێز بۆ بڕواداران و، پەستکردنی بێ بڕواو کافران و گەورەیی جیهادو سەقامگیر بوون لەسەریی و گوێ نەدان بەلۆمەی لۆمەکەران.

4- فەزیلەتی نوێژکردن و زەکات دان و ڕکوع بردن بۆخوا.

5- سەرپەرستی و چاودێری خوا بۆ بڕواداران، مانای زاڵکردن و سەرخستنیانە.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (57-60):

1- نابێ یەهوودو نەسارا، بکرێنە دۆست و یارو یارمەتی بدرێن، وەیان یارمەتیان لێوەربگیردرێ، بە تایبەتی دڵرەق و ستەمکارەکانیان

2- بەدرەوشتی یەهوودو بێ ئەقڵییان.

3- یەهوود زۆر هەوڵدەدا بۆگومڕا کردنی موسڵمانان.

4- یەهوود بوونە (مەیموون)، وەکو لە سوورەتی(البقره65) ، دا هاتووە.

5- جوولەکە لە قیامەتدا لە هەمووکەس جێ و ڕێیان خراپترە.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (61-63):

1- لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دەستەیە دوو ڕووی یەهوود لەمەدینە هەبوون.

2- جوولەکە زۆر بایەخ بەگوناح و تاوان دەدەن،

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (67-69):

1- دەبێ پێغەمبەران بەتەواویی و بێ ماتڵبوون سپاردەکەیان رابگەیەنن، .

2- ئەم ئایەتە دەمکوتی ئەوانە دەکات کە دەڵێن: **پەیێغەمبەر** (ﷺ) کیتمانی هەندێ لە وەحیی و سپاردەکەی خوای کردووە!

3- عیسمەت و پارێزراوی لە گشت شتێك تەنها بۆ **پێغەمبەرە** (ﷺ). خاوەننامەکان بەکافرو بێ بروا دادەنرێن، مەگەر ئەوانەیان بڕوا بە موحەممەدیش بێنن و پەیڕەوی لەپەیامەکەشی بکەن.

4- خەڵکانی عینادو خۆ بەزلزان هەتابێت بەبەڵگەو نیشانەکانی خوا، سەرکێشتر دەبن.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (70-72):

1- هەمیشە مێژووی یەهوود پڕە لەکاری بەدفەڕو تاوان و قەتڵ و عام.

2- خوا گەلێ ڕێزی لەجوولەکە ناوە، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوان زۆر لاسارو لاڕێ و لاساربوون.

3- ددان نان بەکوفری ئەو تاقمە نەسارانەدا کەدەڵێن: **(مەسیح)** خوایە.

4- بەهەشت بۆ هیچ کەسێ نییە هاوبەش بۆ خوا دابنێ.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (73-76):

1- بەتاڵ کردنەوەی بیرو بڕوای نەسارا لەبارەی بڕیاردانی بوونی سێ خوا.

2- بێزاریی و نکووڵی عیساو دایکی عیسا لەوکەسانە بەخوایان دادەنێن.

3- کردنەوەی دەروازەی تەوبە لە نەسارا.

4- عیساو دایکی هەردوو ئینسانن نەك خوا، بەپێی ئەوەکە هەردووکیان دەخۆن و دەخۆنەوە، دیارە ئەمەش پەسنی مرۆڤە، نەك خوای بەدیهێنەر.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (82-86):

1- دژایەتی یەهوودو موشریکان بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان.

2- (نەسارا) راست بێژەکانیان بە موسڵمانانەوە نزیکن.

3- فەزیلەتی خۆ بەکەمزانین و، بێ فەڕی خۆ بەزلزانین.

4- ئەم ئوممەتە فەزڵ و ڕێزی بەسەرئوممەتانی تردا هەیە.

5- خاوەننامەکان کاتێ فەزڵیان ئەبێ کە بەڕاستیی موسڵمان ببن.

6- ئەنجام و چارەسەری کافران و بەدرۆ خەرەوان هەر دۆزەخە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (87-89):

**1- حەرامکردنی حەڵاڵ و، حەڵاڵکردنی حەرام، لە موسڵمان ناوەشێتەوە.**

**2- کەم وێنەیی سووربوونی هاوەڵان لەسەر خوا پەرستیی.**

**3- زیادەڕەویی و (غلو) و لەدینیشدا حەرامە.**

**4- دەبێ کەفارەتی سوێند پاش خستنی بدرێت.**

**5-زۆر سوێندخواردن، ئەگەر لەسەر هەقیش بێ کارێکی ناپەسەندو(مەکروە)ـە.**

**6- سوێند بەغەیرەز خوا حەرامە،**

**7- سوێند خواردن بۆکردنی هەرکارێکی (مەندوب)، یان بۆ ڕێگرتن لەهەرکارێکی ناپەسەندو (مەکروە)، لە شەریعەتی ئیسلامدا ڕێی پێدراوە بشکێندرێ و، کەفارەتی بدرێت، ئەگەر بەرژەوەندی لەوەدابوو، بەڵام ئەگەر سوێندەکە بۆ تەرکی (واجیب)ێك بوو، یان بۆ کردنی (حەرام)ێك بوو، ئەوە لەم حاڵەتەدا خستنەکەی واجیبە.**

**8- سوێند سێ جۆری هەیە: یەکەم: سوێندی (باتڵ / لەغوو) ئەوە کەفارەتی بۆ نادرێ، وەکو ئەوە کەسێك بلێ: (ئەرێ وەڵڵا، ناوەڵڵا) جا لەبەرئەوە کە ئەم جۆرە سوێنانە لەناخی دڵەوە نایەن، نەگوناحیان هەیەو نەکەفارەت، دووەم: سوێندی دروَو (غەمووس): واتە: درۆکردن و سوێند خواردن، بەدەس ئەنقەس،**

ئەم جۆرەشیان لەبەر گەورەیی گوناح و تاوانەکەی، کەفارەتی نیە، مەگەر هەرتەنها تەوبە لای ببا. سێیەم: سوێندێکە کەفارەتی بۆ دەدرێ، ئەمەیش ئەوەیە کەکەسێك بەدەس ئەنقەس سوێند ئەخوا بۆ کردنی کارێك یا بۆ نەکردنی، لەپاشان سوێندەکەی ئەشکێنێ، دیارە ئەم جۆرە سوێندەیان لەم سوورەتەدا باسکراوە.

## رێنمایەکانی ئایەتی (90-93):

1- هەمووجۆرە عارەق و مەشروباتێ، لەگەڵ جۆرەکانی قومارو فاڵگرتنەوەو کتێب گرتنەوەو هەمووجۆرە فڕوو فێڵێکی تر لەو بابەتە قەدەغەو حەرامە.

2- پێویستە بەزوویی دەست لەوشتانە هەڵ بگیردرێ، وەکو هاوەڵان زۆر بەتالووکە وتیان: (إنتهينا ياربنا)!.

3- عەرەق و قومار دووکاری ناپەسەندن و, دژایەتیی و خشم و قین لە نێوان (مەشرووب) خۆران و یاریکەراندا دروست دەکەن، ئیتر ڕێ لەیادی خوا گرتن و دوورخستنەوەیان لەنوێژ لە باس نایە . 4-جێبەجێ کردنی فەرمانی خواو فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) واجیبە.

5- دەبێ ئێمە گشتمان تامردن تەقواو پارێزمان هەبێ.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (95-96):

**1- کاتێ هاوەڵان لە(حودەیبیە) بوون, نێچیرێکی زۆرو زەبەنە لەبەر دەسترەسیاندا دەهات و دەچوو، ئەوسا خوای میهرەبان بۆ تاقییکردنەوەیان حەرامیکرد کە بەهیچ جۆرێ دەستی بۆبەرن، جا ئەوانیش بە هەقیانەت فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد، لەمەیشدا زۆر لە (بەنی ئیسرائیل)یەکان گوێڕایەڵتر و باشتر هاتنە مەیدان.**

**2- بە بەرگی ئیحرامەوە راوکردن و نێچیر گرتن بەدەر لەنێچیری دەریایی حەرامە، کوشتنی ئەو جانەوەرە بەئازارانە نەبێ، (وەك مارو دووپشك و قەلەرەشەو مشك و شێرو پڵنگ و گورگ و.. هتد) ئەمانە چ بە ئیحرامەوە و، چ بەغەیری ئیحرامەوە، لە (حەرەم) و، لە دەرەوەیشیدا مۆڵەت بە کوشتنیان دراوە**

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (106-108):

**1- وەسیەتکردن چ لەماڵەوە، چ لەسەفەردا سوننەتە.**

**2- بە شایەد گرتنی موسڵمان لەسەر وەسیەتکردن واجیبە.**

**3- ئەگەر موسڵمان دەست نەکەوت بۆ شایەدی، ئەوا ناموسڵمانیش دەبێ، بەومەرجە وەکو ئیمامی (ئەحمەد) ئەڵێ ئەم ئایەتە مەنسوخ نەبێ, دیارە قسەی ڕاستیش لەناو زاناکاندا هەر ئەمەیەکە (مەنسووخ) نیە.**

**4- سوێندانی خەڵکی پاش نوێژی عەسر، لەبەر گرنگیدان بە سوێندەکە، وەکو لەفەرموودەدا هاتووە سوننەتە.**

**5- ئەگەر (دادوەر) لەشایەدەکان دوودڵ بوو، دەتوانێ سوێندیان بدا.**

---

# سورة الأنعام

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (4-6):

**1-پشت لەحەقکردن وکارپێنەکردنی، مانای باوەڕ نەبوونە پێی.**

**2- مەسخەرەو گاڵتەکردن بە دین، دەبێتە هۆی هاتنی سزا**

**3- عیبرەت و پەند وەرگرتن لەمێژووی گەلانی ڕابووردوو تیاچوو.**

4- گشت ئۆممەتێك بە هۆی گوناحی خۆیەوە تیاچووە.

## ڕێنمایەكانی ئایەتی (7-11):

١- هەڵگرانی پەیامی خوا تەنیا هەر مرۆڤ بوون، نەك فریشتە.

٢- گاڵتەو سووكایەتی كردن بەپێغەمبەران و بانگبەرانی دینی خوا، داب ونەریتی مرۆڤە لاسارەكانەو نەگۆڕاوەو، هەربووەو، هەردەیشبێ، بۆیە دەبێ گشتمان زۆر بەتابشت و خۆڕاگر بین.

٣- ئەنجامی بەدرۆ خەرەوان هەر تیاچوونە.

## ڕێنماییەكانی ئایەتی (17-19):

١- بۆ هەمووشتێك دەبێ پەنا هەربە بەخوا ببرێ،

٢- خوا شایەدی بۆ ڕاستیی پێغەمبەر ئەدا بە ناردنی قورئان و نیشانە گەلێ بۆی.

٣- هەركەس ئەم قورئانەی پێگەیشت , دەبێ وشیارەوبێ و پڕوبیانووی نەماوە.

٤- بنەمای ئیسلام لەسەر وشەی پیرۆزی **(لا إله إلا الله)** دادەمەزرێ, هەروەك بیزاریی و حاشایشە لەهەمووجۆرە **(شیرك)**ێك.

## ڕێنمایی ئایەتەکانی (36-39):

١- باوەڕ بەخواو بە دیدارییی و، بە پێغەمبەرەکەی، بەختیاریی و سەرفرازیی هەردوو جیهانە، هەروەکو کوفرو بێ بڕوایی بەدبەختی وشەرمەزاری دنیاو قیامەتە،

٢- جووڵندەو ئاژەڵ وگیان لەبەر، هەریەکەیان بۆخۆی ئوممەت وکۆمەڵێکن- وەکو ئێوە- و هەمویشیان ملکەچی فەرمان و بڕیارەکانی خوان .

٣- گشت ڕووداووگۆڕانکاریەکان لە **(أم الکتاب)**دان و، لەئەزەلدا هەر لەوێ بڕیاریان لەسەردراوە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (40-45):

١- مرۆڤی موشریك و خوانەناس زۆر سەیرو سەمەرەیە! کاتێ نەهامەت و تەنگانەیەك دەبینێ, بەهەڵەو دەوان هاوار دەبات بۆ خوای گەورە، هەرکە رزگاریشی بوو، خێرا روو وەردەگێرێ و پشت دەکاتەوە خوا

٢- ئوممەتان و گەلانی یاخیی هەرکە لاڕێ و کلابوون و, خواش تۆڵەیدان و هەر ژێر نەبوون و نەگەڕانەوە بۆ ڕێی راست، هێمان

**هەر لەگەڵ ئەوەشدا خوا دەرگای ڕسق و رۆزییان لێ واڵا دەکا و گوزەرانیان خۆشتر دەکا،**

**٣- بەڵێ قڕبوون و تیاچوونی ستەمکاران گشت لە شووم و بەدفەڕی خۆیانەوەیە.**

**٤- گوتنی زیکری (ألحمد الله) لە ئاخرو کۆتایی هەمووکارێکی خێرەوە سوننەتە.**

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (50 - 53):

**١- پێغەمبەران گشت بنیادەمن.**

**٢- پێغەمبەر (ﷺ) نە(غەیب) دەزانێ و، نەدەشتوانێ دەسکاری بوونەوەر بکا.**

**٣- مرۆڤی ئیماندار وبێ ئیمان وەکویەك نین، موسڵمان بە چاوساغ و بینادادەنرێت ، کافریش وخوانەناسیش بە کوێرو نابینا.**

**٤- پێکەوەژیان لەگەڵ خەڵکانی هەژارونەبووو, ئەهلی تەقواو بڕوادار رەوشتێکی بەرزی دینی ئیسلامەو, بە سوننەتی داوەتە قەڵەم.**

**٥- دەوڵەمەندیی و هەژاریی ، پایەداریی و بێ پایەیی، هێزداریی و بێ هێزیی, ئەمانە گشت بۆ تاقیکردنەوەن.**

**٦- هەر خەڵکانی شوکرانە بژێر شیاون چاکەیان لەگەڵ بکرێ.**

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (54-58):

١- پێویستە لەگەڵ پرسیارکەراندا هەمیشە نەرم ونیان و لەسەر خۆبین و توندو سەختگیری نەکەین.

٢- پەیڕوانی هەواو ئارەزوو باتڵ، زوو تووش دەبن و تیادەچن.

٣- موسڵمانی بانگبەری ئیسلام دەبێ خوا بە هەموو سیفەتەکانیەوە چاك بناسێت .

٤- هەڵگرانی مەشخەڵی بانگەوازو گەیاندنی دینی خوا، دەبێ لە بەرامبەر گشت ڕووداوو گیروگرفتەکانەوە زۆربەئارام و خۆڕاگربن.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (59 - 62):

١- مەودای دەسەڵات و تواناو حیکمەتی خوای خاوەن بەزەیی بێ سنووورە.

٢- هەمووکارێکی غەیب و نادیار، دیارو ئاشکرا تەنیا خوا خۆی دەیزانی.

٣- مەودای (قەزا) و(قەدەری) خوا هەمووشتێ دەگرێتەوە, تەنانەتی هەرگە لادارێك لەدار بەربێتەوە, ئاگای لێیەتی.

٤- (مەعاد)و لێپرسینەوەو تۆڵەو پاداش، بڕیارێکی حەتمیی خوایەو هەر پێش دێت

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (63-65):

١- چ بەڵگەیەك لەمە بەهێز تربێت لەسەرناهەقیی و باتڵی (شیرك)ی (موشریكان) كە: دەبینی لە كاتی تەنگانە و تەنگژەدا، هاوار هەربۆ خوای گەورە ئەبەن ،چونكە دەزانن پەنادەرو ڕزگاركەر لەكاتی بەڵاو موسیبەتدا تەنیا خوایە.

٢- وشیاربوونەوەو، خۆپاراستن لەهەر ئیختیلاف و كێشەیەك سەر بكێشی بۆ بەش بەشبوون و كوتلە بەندیی

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (68-70):

١- لەهەر جێگایەك بێ حورمەتی بەرامبەر بەقورئان ودینی (ئیسلام) بكرێ، مانەوەو دانیشتن لەوجێگایەدا حەرامەو، دەبێ بەپەلە جێ بهێڵدرێ

٢- (فوزەیلی كوڕی عەیاز) ئەڵێ: هەركەسێ بیدعە چییەكی خۆش ویست، خوا كاروكردەوەی باتڵ دەكاتەوە.

٣- ئەگەر لەبەر لاوازیی و كزیی وبێ دەسەڵاتی ئەوكەسە، یان لەبەر لاوازی گشتیی موسڵمانان نەتوانرا ئەو جێگایە چوڵبكرێت،

ئەوە هەردەبێ یان بەزمان، یان بەدڵ بێزاریی و ئینكاری ئەو كارە دزێوو ناپەسەندەیە بكرێ.

٤- هەركەسێ بە كوفرەكەیەوە بمرێ، هەرگیز لەئاگری دۆزەخ رزگاری نابێ.

## ڕێنمایەكانی ئایەتی (71 - 73):

١- پاشگەزبووەوە لەدینی ئیسلام, كارێكی حەرام و قەدەغەیە.

٢- گوێڕایەڵی لە ئەهلی باتڵ و بەقسەكردنیان كارێكی حەرامە.

٣- ئیستا هەر دینی ئیسلام، دینی راستەقینەی خوایەو پێی رازییە.

٤- دەبێ دین و شەریعەتی ئیسلام بە هەموو پایەو لقەكانیەوە وەربگیررێ و پیادەبكرێ.

٥- (مەعاد)و زیندووبوونەوە بۆحساب و لێكۆڵینەوە لە گشت كاروكردەوەیەك هەقەو دێت.

## ڕێنمایەكانی ئایەتی (74 - 79):

دەبێ بێزاری و حاشا لەهەموو جۆرە شیرك و، لەهەركارێكی خراپ دەرببڕێت، گەرچی بەرامبەر بەكەس وكارو خزمانیش بێ, هەروەكو (ئیبراهیم) (علیه السلام) ئینكاریی ونكووڵی لەگەڵ باب و خزمانی خۆیدا كرد، شیاوی ئاماژە بۆ كردنە گەل و هۆزەكەی ئیبراهیم (سابئە) و ئەستێرە پەرستبوون .

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (80-83):

١- (مونازەرە) وگفتوگۆ ڕووبەڕووی باتڵ بێژان و موشریکان، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هەق و دەرخستنی ڕاستییەکان , بەشکو بێنە سەر ڕێی ڕاست وهیدایەت ببن, کارێکی پێویست ورێپێدراوە لە ئیسلامدا.

٢-دەستەو بەستەی موشریکان وخوانەناسان، لە هەمووکاتدا عەقڵیەتێکی سەیرو سەمەرەوداخراویان هەیە.

٣- ئەوکەسەش شیاوبێت بەئەمنیەتی خواو، لەسزایشی ترسی نەبێت، هەرئەوەیە کە هاوبەش و شەریکی بۆ دانەنێ.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (108-110):

١- هەر قسەو کردارێ ببێتە مایەی جنێودان لەلایەن موشریك و بێ باوەڕانەوە بەخواو بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو قسەو کردارە حەرام دەبێت.

٢- لەبەر هەر حیکمەتێك خوای خۆی چاك دەزانێ هەمووکارێکی دزێوو خراپ لای خاوەنەکەی جوان و شیرین دەکرێت، ئەوسا دەیکات.

**٣- هیدایەت و ڕێنمایی تەنیا بە دەستی خوایە، بۆیە گەلێ جار موعجیزەش دێ و خەڵکەکە هەر بڕوا ناهێنن**

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (111-113):

**١- خوا مەیل و ویستی لە هەر شتێ ببێ ، بێگومان هەر ئەوە دەبێ، حەزیش بە شتێ نەکا ، هەر گیز نابێ، ئەمەیە مانای (ئولوهیەت و ربوبیەت)ی خوای گەورەو، قەزاو قەدەر کەلەئەزەلدا بڕیاری لەسەرداوە.**

**٢- سەرەخۆشیی و دڵدانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بەوە کە هەر پێغەمبەرێك وەکو تۆَ دژوو نەیاری لە نێو شەیتانەکانی بنیادەم و جنۆکەدا هەبووە، بەڵام خوا پێغەمبەرەکەی خۆَی سەر خستووە بەسەریانا.**

**٣- مرۆڤ هەردەم دەبێ ورياو وشیاربێ، تا لە خشتە نەبرێ، چونکە فریودان و لە خشتە بردن تەنها چەکێکە بۆ شەیتان.**

**٤- ئەو دڵانە کە کافرو خوانەناسن، هەمیشە بۆ فەسادو خراپەو کاری باتڵ ئامادەترن، تالەو دڵانەی کە بڕوادارن.**

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (118-121):

**١- خواردنی گۆَشتی هەموو ئاژەڵێکی سەر بڕاو بە دەستی موسڵمان حەڵاڵە.**

٢- (بسم الله ..) كردن لەسەرهەموو ئاژەڵ و پەلەوەرێك لەكاتی سەر بڕینیدا واجب و پێویستە،

3- هەندێك ئەڵێن: ئەگەر بە هەڵەو لە بیرچوون بوو، قەیدی نیەو دەخورێ.

٤- دەبێ پەیڕەوی لەفیقهی زانایان بكرێ و، لە هەوا بازانەوە دووربگرین.

٥- دەبێ لەهەموو گوناحەكان- بەدەست بكرێن، یان بەبەدڵ - خۆ بپارێزین.

٦- هەموو جۆرە سەربڕاوێك بە دەستی هاوبەشدانەرو ئاگرپەرست و، خوا نەناس و(مورتەد)و خەڵكانی عەلمانیی ناخورێ، بۆیە پێوستە موسڵمانان هەرگیزلای ئەوانە گۆشت نەكڕن .

## ڕێنمایەكانی ئایەتی (129-132):

١- بەرەی جننی زاڵدەبن بەسەربەری ئینسانداو، كاری خراپ وبێفەڕیان پیدەكەن و، گومراِو سەرلێشێواو دەبن .

٢- وریابە بە ژیانی ئەم دنیایە فریو نەخوَیت.

٣- هاتنی پێغەمبەران بۆ نیشاندانی رێگەی ڕاستەو نەمانی بڕوبیانوو و بەڵگەی خەڵكە.

٤- پاداش و تۆڵە هەر بەپێی كارو كردەوەیە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (133-135):

١- خوای گەورە لە هەموو بوونەوەر دەوڵەمەندترو بێ نیازە.

٢- دەسەڵات و توانایی خوای کارجوان بۆ لەناو بردنی ئەو خەڵکانەو، هێنانی دەستەیەکی تر لەجێی ئەواندا.

٣- بەڵێنەکانی خوا هەرگیز دواناکەون.

٤- هاوبەشدانەران ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەو کارەیان، ئەوا بەتوندی سزایان بۆ دێ.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (136-140):

١- داهێنانی هەر یاسایەکی دژ بەشەرعی خوا، قەدەغەو حەرامە.

٢- هەرشتێ نەزر بکرێ بۆ دارو بەرد، یان بۆ گۆڕو گۆڕستان ، یان بۆ پیرو ئەولیاکان، ئەونەزرە قەدەغە و حەرامەو دانامەزرێت.

٣- خەڵك کوشتن بە ناهەق و، ڕێگرتن لە منداڵ بوون (تحديد النسل) بێ هیچ بەرنامەو هۆیەکی شەرعیی کارێکی ناپەسەندو حەرامە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (141-144):

١- خواردنی خورماو ترێ و هەنارو زەیتون حەڵاڵە.

٢- دەبێ خورماو زەیتوون و دانەویڵە- بە مەرجەکانی خۆیان- زەکاتیان لێبدرێ.

٣- خواردنی بەشێ لە خورماو ترێ بە فەریکەیی- بەر لەزەکات لێدەرکردنیان-حەڵاڵە.

٤- گۆشتی مەڕو بزن و وشترو گا-نێرو مێیان- حەڵاڵە.

٥- مافی هەڵوەشانەوەی یاسا جاهیلیەکان و، (حەرام وحەڵاڵ)کردن بەتەنیا هەقی خوایە.

٦- گفتو گۆ بەشێوەی (موناقەرە)و ڕووبەڕوو لەپێناوی ناساندنی بەرنامەی هەق و بەرنامە باتڵەکاندا کارێکی ڕەوایە.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (145 - 147):

١- هەموو جۆرەمردارەوە بوویەك، کە لەم سوورەتی (ئەنعام)ـەو لە سوورەتی (مائیدە) باسکراون گۆشتیان حەرامە، وە بەفەرموودەی ڕەوانیش- جگە لەوانیش- ئێسترو کەری ماڵیش هەروا.

٢- هەر دڕوندەیەکی کەڵبەدارو، هەموو پەلەوەر ێکی قولابدار حەرامکراون.

٣- گوناحکردن، گەلێ جار دەبێتە مایەی بێ پیتی و بێ بەرەکەتی ڕسق و، بڕانی خێرو خۆشی لای خوا.

---

# سورة يوسف

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (1-3):

١- دەرکەوتنی ئیعجازی قورئان و دەسەوسان بوونی ئەوان ، چونکە قورئان هەر لەم پیتانە: (ألم، طس، ق ..) پێکهاتووە، کەچی هەموو عەرەبی خۆشخوان و رەوانبێژ، نەیانتوانی نموونەی تەنیا سوورەتێکی بچوکیشی بهێنن.

٢- ئەم قورئانە بۆیە بەزمانی (عەرەبی) هات، کەعەرەبەکان بەتایبەتی لەو دەمەدا لێی تێبگەن و بەجیهانیانی بگەیەنن.

٣- قورئان جوانترین و باشترین داستانی تێدایە، کەوابوو شیاو نییە گوێ بۆ شتی دیکە بگیردرێ

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (43-46):

١- دەگونجێ خەڵکی کافرو لەسنوور دەرچوویش، خەونی چاك و راست ببینن, خەو دوو بەشە: بەشێکی تێکەو لێکەیەو، لەلایەن

شەیتانەوەیە، ئەوی دیکەیشیی هەق و راستەو، لەلایەن خوای بەخشەرەوەیە.

٢- شت لە بیرکردن خووو ڕەوشتی هەموو ئادەمییەکە.

٣- باسکردنی سیفەت و پەسنی هەرمرۆڤێك ، بێ زیادو کەم, شتێکی دروست ورەوایە.

## ڕێنماییەکانی ئایەتی (47-49):

١- وڵاتی (میسر) هەر لەسەرەتاوە جێگەی کشت و کاڵ بووەو، وڵاتێکی بەفەڕ بووە.

٢- هەڵگرتن و دەستپێوە گرتن و پاراستنی بەرو بووی تازەو نوێ بۆ رۆژی تەنگانە، بنەمایەکی ئابووریی زۆر گرنگە.

٣- زانایان دەڵێن: ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ رەچاوکردنی بنەمای بەرژەوەندییە رەهاکان (المصالح المرسلة).

٤- کارامەیی و لێوەشاوەیی (یوسف-علیه السلام-) بۆ لێکدانەوەی مانای خەونەکان. ٥- پلەو فەزڵی یوسف بەسەر (میسر) یەکانەوە، چونکە زیاد لە پرسیارەکە بەدەمیانەوە چوو و لەو گرانییەیش فریایانکەوت.

## ڕینماییەکانی ئایەتی (50- ٥٢)

**١- فەزیلەت و شەرەفی زانیاریی و زانست، چونکە هەر بەهۆی زانیارییەوە بوو کە (یوسف) بەرز بوویەوەو گەیییە لای پاشاو، بۆ دواییش جلەَوی کاروباری میسری گرتە دەست.**

**٢- گەورەیی (حیلم) و تاقەت و لەسەر خۆیی و پەلە نەکردن لە ئیش و کاردا.**

**٣- فەزڵی ڕاست بێژیی و، قسەی هەق کردن، ئەگەرچی بەزیانی خۆشت تەواو ببێ.**

**٤- (زلێخا)یش بەهۆی دان نان بەتاوانی خۆیدا بەو پلەوپایە بەرزە گەیی و، بۆ دواییش بوویە ژنی (یوسف)ی پێغەمبەر(علیه السلام)**

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (53-57):

**١- فەزیلەتی نەفس شکاندن وتۆمەتبارکردنی بەناتەواویی و کەم و کووڕیی.**

**٢- دەرخستنی زانست و زانیاریی لەکاتی پێویستدا، وەك ئەڵێن: (المرء مخبوء تحت لسانه).**

**٣- بەخۆ هەڵدان و، خۆ کاندیدکردن بۆ هەرکارێ کە ئەگەر ئەوکەسە بەوجۆرە نەکا کەسێتی و دەستپاکی دەرنەکەوێ و، پێی نەزانن ڕەوایە.**

**٤- فەزیلەتی ئیخلاس لەکاروکردەوەو قسەو بیروباوەڕدا.**

٥- گەورەیی و کاریگەری ئیمان و تەقوا لەهەست و نەستی مرۆڤدا.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (58-62):

١- خوا بیەوێ کارێ بکا، هۆکانیشی بۆ ڕێك دەخا: خەودیتنی پاشا، دەست نەکەوتنی کەسێ بۆ ماناکردنی خەونەکەی، پسپۆڕیی یوسف بۆ لێکدانەوەی خەونەکان، سەرهەڵدانی گرانیی و قات و قریی لەوڵاتی (کەنعان)، ناچاربوونی براکانی بەهاتن بۆ میسرو...هتد.

٢- نەخشە دارشتنی یوسف بۆ هێنانی براو خێزانەکەیان.

٣- ئاسەواری بڕواو تەقوا لە مرۆڤدا.

## ڕێنمایەکانی ئایەتی (63-67):

١- تەوەککولی تەواوی یەعقووب(علیه السلام) بەرامبەر بەخوای خۆیی و، ناسینی ئەسماو سیفەتەکانی وەك شیاویەتی، هەقیشە وابێ، چونکە یەکێکە لەپێغەمبەرانی خوا (علیه السلام) .

٢- وەرگرتنی پەیمان و مۆرو ئیمزا بۆ کارە گرنگەکان، هەرچەند لەبەرامبەر خزمانی نزیکیشەوە بێ.

٣- خۆ پاراستن لە (ضاو)ی پیس هیچ زیانێکی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ بڕوات وابێ کە ئەوەیش لەحوکم و بڕیارەکانی خوا هیچ شتێ ناگۆڕێ.

٤- پشت تەنها بە خوا ببەستەو، ئیتر بەدڵنیاییەوە کارەکانت راپەڕێنە

## ڕینماییەکانی ئایەتی (68-72):

١- فەزڵی زانست و زانیاران.

٢- زۆربەی خەڵکی هەمیشە بەکارە چاکەکان نەزانن.

٣- کارامەیی و لێهاتوویی یوسف لە راوێژو تەگبیر بۆ هێشتنەوەی (بنیامین) لای خۆی.

4-رێزانەو (موکافەئە) بۆ هەرکەسێ کارێکی تایبەتی بدریتێ و، بەچاکی پێی هەڵسێ، کەئەمە لە فیقهیشدا پێیدەڵێن: (جەعالە).

٥- دەسەبەریی و، دەسە بەربوون (کەفالە) و (کەفیل) بۆ هەندێ ئیشو کار سەلمێنراوە.

## رێنمایەکانی ئایەتی(77-79):

١- پۆزش هێنانەوەو داوای لێبووردن لەگشت کارێکی هەڵە.

٢- پیاوی بەحیلم و هێمنیش، هەندێ جار ناچاردەکرێت جۆرە قسەیە بکات.

٣- داواكردنی عەفوو و، داخوازیی رەحم و بەزەیی بۆكەسێك پێویست بێت، لە چوارچێوەی شەریعەتی خوادا كارێكی رەوایە.

٤- وازهێنان لەكەسێكی تاوانكارو ئازادكردنی ئەو و، گرتنی كەسێكی تر لەباتیدا لەشەریعەتی ئیسلامدا حەرامە.

## ڕێنمایەكانی ئایەتی (80-84):

١- كۆكردنەوەو بانگكردنی خەڵكانی بەفام و ژیر بۆ مەشۆرەت و توێژینەوەی هەندێ رووداوو كاری گرنگ.

٢- وەبیر هێنانەوەی پەیمان و ڕێكەوتننامە بۆ پاراستنی.

٣- گەلێ جار حەیاو شەرم زاڵ دەبێ بەسەر موسڵماناداو، لەهەندێ شتی باش و چاك بێبەشی دەكا.

٤- تۆمەتباركردنی مرۆڤی بێ تاوان، لەبەر گومان و هەندێ شت كە پێشتر لەلای بینراوە.

٥- بردنی سكاڵاو خەم و خەفەت تەنها بۆلای خوا دەبرێ.

## ڕێنمایەكانی ئایەتی (85-88):

١- خەم و خەفەتی زۆر، مرۆڤ بەرەو نەخۆشیی و، مردن دەبا.

٢- سكاڵا دەبێ تەنها لای خوا ببرێ.

٣- بێ هیواو بێ ئومێدی لەدەرووی خێر لەکاتی تەنگانەدا حەرامە.

٤- سکاڵا بە مەبەستی دەرخستنی نەخۆشیی، وە یا هەر پێویستییەك لەبەر چارەسەر وەك ئەوە لای دکتۆر بگوترێ دروست و رەوایە.

٥- فەزڵ و گەورەیی سەدەقەو، پاداشی ئەهلی سەدەقە.

## رێنماییەکانی ئایەتی (95-100):

١- هاتنی بۆنی خۆشی یوسف لەمەودایەکی زۆر دوورەوە ئایەت و نیشانەیەکی گەورەیە بۆراستی و پاکیی ئەوبنەماڵە بەرێزە.

٢- گەڕانەوەی نوور و بینایی چاوی یەعقووب، پاش نابینابوونیی ئایەتێکی ترە.

٣- کەرەم و بەخششی یەعقووب و داوای لێبوردن بۆ کوڕەکانی پاش ئەوهەموو ئازارو خەفەتە پێیان چێژا، ئەوپەڕی جوامێریی و شەهامەتە.

٤- پێشوازیی میوان هەر لەدەروازەی شارو گوندەوە پیشەی ئەهلی کەماڵە.

٥- بەراست دەرچوونی خەوەکەی یوسف، چۆنی دیتبوو هاتەدی.

٦- دەرکەوتنی لوتف و رەحمەتی فراوانی خوا لەم داستانەدا.

## رێنمایەکانی ئایەتی (101):

١- دۆعاو پاڕانەوە بە ئەسماو ناوە جوانەکانی خواو سیفاتە بەرزەکانی.

٢- گەورەیی و فەزلێ شەوق و سۆز بۆلای خواو هاورێییەتی ساڵحان و چاکان.

---

# سورة الفتح

## ئایەتی7

ئەم فەتحە چوار شتی زۆر گرنگی بۆ پەیامبەر (ﷺ) تێدا بوو:

1- لێبوردن لە هەموو گوناهانی رابووردوو و ئایندەی (کە ئەمەش تایبەتمەندی ئەوە).

2- دەرکەوتنی دەسەڵات و موجیزەی پەیامبەرێتی.

3- هیدایەت و رێنموونی بۆ رێگەو رێبازی راست. (شەریعەت و بەرنامە)کەی خوا.

4-عیززەت و تواناو دەسەڵات پەیدا کردن لە ناوچەکەدا.

بڕوادارانیش بەچوار شت بەهرەمەند بوون:

1- ئارامیی .

2- زیادکردنی ئیمان باوەڕیان.

3- موژدە بەچوونە بەهەشتەوە.

4- سڕینەوەی گوناهەکانیان.

بێ باوەڕانیش دووچاری چوار شت بوون:

1-سزاو تۆڵە.

2- نەفرین.

3- تووڕەیی و خەشمی خوا.

4) چوونە ناو دۆزەخەوە.

**کۆتایی**

**سوپاس بۆ خودای مێهرەبان کە تەمەنی پێبەخشیم و توانیم ئەم کتابە تەواو بکەم**

**ئەوەی لەناو ئەم کتابە دایە ئەگەر ڕاست بو ئەوە لەخواوەیە**

**ئەگەر هەلەبو ئەوە هەلەی منە و هیوادارم خودای گەورە لێمان خۆشبێت و ئەمەوێ لێرەوە پێتان ڕابگەیەنم کە نە تەوڕات نە ئینجیلی ئێستا بەقەد ئەم قورئانە پیرۆزە ئەحکام و پەندو ئامۆژگاری تێدانیە بۆیە بلێ (الحمدلله)**